# جان جانان

# جانی جانان

داناز عەبدولڕەحمان

- ناوی کتێب: جانی جانان
- بـــــابـــەت: شیعر
- نووسینی: داناز عەبدولڕەحمان
- تــــــتایپ: نووسەر
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چـــــــاپ: چاپخانەی کارۆ
- تــــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ســــاڵی چاپ: ٢٠١٩
- نــــــــرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە



**مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

"پێشکەشە بە ژینۆ"

## لەجیاتی پێشەکی

مێـژووی نوسـین و شـیعر، لە بیۆگرافیـای منـدا، مێـژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی، منداڵیی بەشێک لە یادەوەریی گرنگ و تاڵیی و شیرینی هەریەک لە ئێمەیە، منداڵیی من وەکو سەرجەم منـداڵەکانی ئەم مـیللەتە پڕبـووە لە تـاڵیی و سـەختەوەریی و چیرۆکی شـەڕ و ئاژاوە. پڕبووە لە کەوتنەخوارەوەی قورس و حورمەتشکاندن، پڕبووە لە خەونی تاریک و نووتەک، پڕبووە لە مەرگدۆسـتی و شـکاندنەوە. پڕبـووە لە ژیـانی کـولەمەرگی و ژاوەژاو. ئـێمە میللەتێکـی پڕکێـشە و ململانێـین، هەمیـشە لەنـاو بـۆتەی شـەڕ و ئـاژاوە و شـەڕانگێزییدا گەورەبـووین، هەمیـشە شەڕ چەشنی ئاسمانێ سێبەر و چەتری سەرمان بووە. تەم و دووکەڵـی شـەڕ، پەنـچەرەی ڕوانینمـانی بە ڕەنگێکـی مـاتەم سواخداوە. ئەم نەگبەتی و ماڵوێرانییەش کەم تا زۆر کاریگەریی خراپی دەرهەق چۆنێتی بیرکردنەوە و تێڕوانینمان هەبووە.

منـیش وەک منـداڵێکی ئەو کۆمەڵگـایە، لە منـداڵیمەوە هەوڵـی نوسینەوەی هەموو برینەکانی ڕۆژگاری خۆمم داوە تا بە شیعر سارێژیان بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا لە خانەوادەیەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و هونەریی چاوم کردووەتەوە.

لەبیرمە کۆتایی ساڵی هەشتاکان بوو، عێراق تازە بەتازە لە شەڕێکی قورس و دژواری ئێران لێببووەوە. منیش خوێندکاری سەرەتایی بووم لە یەکێک لە قوتابخانەکانی سلێمانی. باوکم جارێک لە بازاڕ دەگەڕایەوە لەگەڵ خۆیدا قوتویەک بۆیەی ئاوی (ئەلوان مایی) و چەند فڵچەیەک و دەستێک ماجیک و پەڕاوێکی وێنەی گەورەی بۆهێنام. ئەوە تاکە هۆکاری سەرەکی بوو، کە من ئاوێزانی دنیای هونەریی ببم و هونەر لەگەڵ خۆمدا گەورە بکەم. ئیتر زیاتر پەرەم بە دونیای هونەری خۆمداو لەگەڵیدا ڕۆیشتم هەتا ئێستا.

بۆیە من لەناو ئەو ئەتمۆسفێرە هونەریی و ڕۆشنبیرییەدا، لەناو ئەم هەموو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە کتێبخانەکەی ماڵەوەدا هەبوون، چاوم باشتر کردەوە و هەنگاوی خێراترم دەنا، دواتر بەتەواوی خۆم لە شیعر و نوسین و هونەردا بینییەوە. باوکم هەموو کات ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و دیوانەشیعر و کتێبانەی بۆ دەخوێندینەوە، کە ئەو سەردەمە بە تیراژێکی زۆرەوە دەکەوتنە کتێبخانە کوردییەکانەوە، لەوانە: کاروان، بەیان، هاوکاری، ڕەنگین، ڕۆژی کوردستان، تەندروستی و کۆمەڵ، ئاسۆ، پاشکۆی عێراق، الثورە، مجلتی و المزمار، ئەلف باء... هتد، زۆر لە چیرۆکە عەرەبییەکانی بۆ وەردەگێڕاین و بۆی دەخوێندینەوە. شەوانە هەموومانی لە دەوری خۆی خڕدەکردەوە، بەدەم میوەخواردن و چەرەسات و شەوچەرەوە، گوێمان بۆ دەگرت، بە دەنگێکی نزم و خۆش زۆر شیعری

شاعیرە کوردییەکانی بۆ دەخوێندینەوە، ئێمە بە خەیاڵێکی قوڵی شیعرییەوە خەو دەیبردینەوە.
خوێندنەوەی شیعرەکانی شکورڵڵای بابان لە ڕادیۆی کرماشان و گوێگرتن لە ڕادیۆی مۆنتیکارلۆ بۆ ئێمە دونیایەکی تازە و پڕچێژ بوو. ئەم کەشە هونەریی و پڕ فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییە وای لێکردم پەلکێشی دونیای شیعر و نوسین و هونەر بم.
دایکیشم حیکایەتخوانێکی بێشومار زیرەک بوو، هونەری گێڕانەوەی زۆرباش دەزانی. وەک دەڵێن ئەو نەریتی گێڕانەوەیە لە مەلا مەحمودەوە وەکو میرات بۆی مابۆوە، کە دەکاتە باپیرە گەورەی دایکم، قازی بووە لە یەکێک لە قەزاکانی دەروبەری سلێمانی. دەڵێن کاتێ کە دەدوا خەڵکی هەمووی گوێی دەگرت و خۆشەویستی ناو خەڵک بوو، هاوڕێیەکی نزیکی مەحوی شاعیر و دۆستی شیعر و لەناو خەڵک بوو. دایکیشم وابوو... باسی هەرچیت بکردایە شارەزایی لێی هەبوو، هەرچییەکی بگێڕایەتەوە، هەموو گیانمان دەبوو بەگوێ و حەزت دەکرد درێژەی هەبێ و زۆر زوو تەواو نەبێت، دایکم لەو ژنانە بوو کە قسەی دەکرد، حەزت دەکرد گوێی بۆ بگریت. زۆربەی شیعری شاعیرە کوردییەکانی ئەزبەرکردبوو. ئافرەتێکی قسەزان و خۆشمەشرەب و لەبز خۆش و ڕووخۆشە. چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی هەموو دەزانی لە لەیل و مەجنونەوە تا لاس و غەزال، مەم و زین، خەج و سیامەند، شیرین و فەرهاد، شەم و دێوانە، ڕۆستەمی زاڵ، مەلای مەشهورە و گوڕنەتەڵە... هتد.

ئیتــر ئەمــانە و چەنــدەها چیــرۆک و سەرگوزشــتەی جۆراوجـۆر...، دەتـوانم بڵـێم دایکـم زۆرتـرین شـیعر و چیـرۆکە کوردییەکـانی وەکـو گەنجیـنەیەک لای خـۆی ئەزبەرکردبـوو و بەشێوەیەکی زۆر هێمن و دوور لە دونیای تۆقاندن و ترسـاندن بـۆی دەگێـڕاینەوە. ئیتـر ئەم فەزا پـڕ خەیـاڵ و پـڕ ئەندێـشەیەی دایکم و باوکم بۆ من دەرگایەکی تری بەڕووی ژیاندا لێکردمەوە و منـی پەلکێشی دونیـای چیرۆک و شـیعر و نوسـین کـرد. ئیتـر وردە وردە چـوومە نـاو کتێـبە دینییەکـان و بیریـارە گەورەکـانی جیهـان. پەلکێـشی خوێنـدنەوەیەکی قـووڵ بـووم، تەمەنـم بەرەو هەڵکـشان دەڕۆیـشت، ئەوکـات دەسـتپێکی خوێنـدنەوەم بـوو، دنیـایەکی تـازە لە ژیانمـدا دەسـتیپێکرد، خوێنـدنەوە بەشـێکی گرنگـی ژیـانی ڕۆژانەی مـن بـوو، هەر ئەم هۆکـارانەش زیـاتر هانیانـدام کە بەردەوام بەدوای خوێنـدنەوە و پەیـداکردنی کتێـبە باشەکانەوە بم و تێکەڵی دنیای خوێندنەوە و نوسین و هونەربم. دەمزانــی خوێنــدنەوە باشــترین ڕێگــایە بــۆ دەوڵەمەنــدکردنی ســەرجەم ســێکتەرە گرنـگ و مەعریفـی و ڕەهەنـدە فیکرییەکـانی مـرۆڤ. خوێنـدنەوە سـیحرێکی سـەیرە، مـرۆڤ کە فێـری بـوو مەحـاڵە دەسـتبەرداری بێـت. بـۆیە خوێنـدنەوەی زۆر لە کتێـبە بەهێز و پڕچێژەکانی دنیا وایان لێکردم بەردەوام کتێبـی تـازە لە ماڵمانــدا هەبێــت و بەردەوام بــم، یەکەمجــار لە دنیــایەکی پڕتەسـەوف و کەشـێکی ئایینیدا دەستم بە خوێندنەوە کـرد، لەو نامیلکـانەوە دەسـتمپێکرد، کە ژیاننـامەی پێغەمبەرانـی تێـدابوو،

دواتر لە قورئان و فەرمووده و هەندێک لە کتێبە ئیسلامییەکانی دیکە.

هەمـــوو ئەم خوێنـــدنەوە و دنیـــابینییە بـــۆ مـــن دەلاقە و کلاورۆژنەیەکـی بـاش بـوون بـۆ چـوونە نـاو دونیـای ئەدەب و شیعر. دواتر توانیم لەو دەروازەیەوە تێپەڕ بم و بچمە دنیایەکی تر، ئیتر بەرە بەرە تێکەڵبووم بە دنیای فەلسەفە، ڕۆمـان، شـیعر و ئەدەب، یەکەمـین کتێـب کە خوێنـدبێتمەوە و هەتـا ئێـستاش چێژی لێدەبینم و قەت لەیادم ناچێتەوە، ژیاننامەی چارلی چاپلن بوو، یەکێک بوو لە کتێبە هەرە خەمئامێزەکانی دنیای من، ژیانی منداڵێکی کوردم لەو کێتبەدا دەبینی، دووەم کتێب کە خوێندمەوە ڕۆمانی "دایک" بوو، لە نوسینی مەکسیم گۆرگی، چێژم لێبینـی، دواتر ڕۆمـانی "خەندەلێو" و "شـاکاری بێنەوایـان" و "پیرەمێرد و زەریـا" و "حەمە دۆک"و "کـوێرەوەری" و "ژانـی گەل"، کە چەنـد ڕۆمانێکی جوان و پڕ تراژیدیا بوون.

کەشـــتی خەیـــاڵم بەنـــاو ئەو لێـشاوە جـوان و پـڕ بەرائەتەی خوێنـدنەوە و نوسـیندا سـەوڵ لێـداو کەوتـمە دەریـای قـوڵی خوێندنەوەوە، وامدەزانی خۆم بەشێکی گەورە و کارەکتەرێک و پاڵەوانێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکانم.

جارجـار حەزم دەکـرد لاسـایی کارەکتەرەکـان بـکەمەوە، ژیـانم لە ڕێگـای نوسـینەوە بگـۆڕم، ئەمە ئەسـتەم بـوو، بەڵام ئاسـانیش بـوو، ئـاخر زۆر لە مرۆڤەکـان ژیـانی خۆیـان لەنـاو ڕۆمـان و شـیعر و قەسـیدە و چیرۆکەکانـدا دەبینیـیەوە، وەک

ئەوەی ئەو نوسەرەی ئەو کتێبەی نوسیوە دەنگی نوساوی ئەو بێت و ئەو هاواری بۆ بکات، وەک ئەوەی ئازار و مەینەتی و کۆژانەکانی ئەوی نوسیبێتەوە.

ئیدی وردە وردە هەڵکشام بەرەو فەلسەفەکانی نیتچە و کانت، میشێل فۆکۆ، فرانسیس بەیکۆن، بەیدەبا، دیکارت، سپینۆزا و چەندەهای تر... دواتر هەوڵی ناسینی هونەرمەندە هونەرییەکانم دا، وەکو: ڤانکوخ، سلڤادۆر دالی، رامبرانت، لیوناردۆ داڤنشی، ڕۆدان، مایکڵ ئەنجیلۆ، ئەندریە، شۆپان، باخ، بتهۆڤن و سیزان... هتد، پاشان تێکەڵ بووم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئێرانی کە دونیایەکی بێشوومار جوان و ناوازەبوون، وەک: سەعدی شیرازی، سوهراب، فروغ، نیما، سادقی هیدایەت، بزورگی عەلەوی و ئەحمەدی شاملو و... ناسینی ئەم نوسەر و هونەرمەندە گەورانە، دونیای هزریی و تێڕوانینیان بۆ دنیا گۆڕیم. هەستم دەکرد مرۆڤ بۆئەوەی بژی، پێویستە ئەم مرۆڤانە بناسێت، بێ خوێندنەوەی ئەمان، زۆر شت هەن لێی تێناگەین، ئیدی بوومە خوێنەرێکی جدی و وەکو گەڕیدە بەدوای کتێبە باشەکاندا دەگەڕام و کتێبم کۆدەکردەوە، هەندێک کتێبم کڕیوە لەوکاتەوە هەتا ئێستا دەرفەتی خوێندنەوەیانم نەبووە. چانسی من لەوەدا بوو، باوکم باشترین کتێبخانەی هەبوو بە ئێستاشەوە براکانم خوێنەرێکی باشن، خوێندنەوە بەشێکی ژیانی ئێمە بوو، نوسین و شیعر بەشێک بوون لە خولیاکانی من، لەبیرمە یەکەمین شیعریشم لە ڕۆژانەی سلێمانیدا بڵاوکردەوە،

پاشـان پێنوسـم خـستەکار و دەمنوسـی، دۆسـت و کەسـوکارم هانیانـدەدام کە بەردەوام بـم، هەمـوو ئەمـانە فـاکتەرێکی گرنـگ بوون لە ژیانی منداڵی و مێردمنداڵیمدا، ماوەیەکی زۆر ستونێکم هەبوو لە چەند ڕۆژنامەیەکی دیاری کوردیدا. بەردەوام بووم و کۆڵم نەدا بە ئێستاشەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی باش و گەورەم، خاوەنی چەند کتێبێکی باشم، مرۆڤ دۆستی کتێب بێت، هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئیدی مرۆڤ کە بیر لەو کاتانەی تەمەنی دەکاتەوە، سەیرە، خەیاڵەکان بەپێی تەمەن گۆڕانکارییان بەسـەردا دێـت، ئاوازەکـان بەپێـی تەمەن دەگـۆڕێن، هەمـوو شـتەکان دەگۆڕێن، هەمـوو شـتەکان، تەنـانەت خـودی خۆشـمان بەردەوام دەگۆڕێین!

**داناز عەبدولڕەحمان**
**٢٠١٩/٢/١**

**لە هەموو شتێکا**
**ڕاستم خۆش ئەوێ.**
**بەڵام**
**لە ئەوینتا لای چەپ.**

# ئێوارەیە

ئێوارەیە و تۆ لێرە نی
منیش بیری چاوت ئەکەم
وەکو یەکەم نیگای بینین
بیری جوانی و ناوت ئەکەم.
ئێوارەیە و من هەر تەنیام
بیری گفتی نەرمت ئەکەم
بیری پیاسە و ئاوێزانی
دەستگرتنی گەرمت ئەکەم.
ئێوارەیە و سەرم سەودای
بینینێکی کتوپڕە
چاوم سۆنگەی نیگایەکی
پڕ حەسرەتی گەرموگوڕە.
ئێوارەیە و لەبەر دەرگای
یادەکانتا ڕاوەستاوم
ئێوارەیە و لەژێر نوای
ڕوانینێکتا هەڵکوڕماوم...

ئێوارەیە و دڵم هێشتا
چیرۆکێکی پڕ لەسۆیە.
ئێوارەیە و گوێیەکانم
بۆ دەنگی تۆ تامەزرۆیە.
ئێوارەیە و هێندە تەنیام
چاوم هەمووی وێنەی تۆیە.
ئێوارەیە و کزەبای خەم
بۆ سوتانم وەک پشکۆیە.

# گفت

ناپاڕێمەوە و ناڵێم
لێم ببوورە ئەمجارە
پێت ئەڵێم برۆ ئازیز
ئەمە دوایین دیدارە.
تا کەی دڵت ڕاگرم
تا کەی ئاشتتکەمەوە
تا کەی بە گفتی تازە
دڵنەواییت بەمەوە.
ئیتر تەواو ئەڤینمان
نامەکان ئەسوتێنم
وێنەی ناو ئەلبومەکەم
بە دەستی خۆم ئەدڕێنم.
ناچمەوە ئەو شەقامەی
کە پیاسەمان لێئەکرد
نارۆمە ئەو باخچەیەی
گوڵی سورمان لێ ئەبرد.

ڕۆژێ پەشیمان ئەبی
ڕێگایەکی دوور ئەبڕی
بە باوەشێ گوڵەوە
لەبەردەمی منا ئەگری.
ئەڵێم ببورە تەواو
برۆ ڕێگای خۆت بگرە
برۆ هێندەی ڕووبارێ
فرمێسکی چاوت بسڕە.
چی لە پەشیمانی کەم
دوای ئەم هەموو ساڵە
ئێستا ژیانی ئێمە.
یادەوەرییەکی تاڵە.

# هۆزان

بۆ خۆت شیعری
داوای شیعرم بۆ لێ ئەکەی.
تۆ ببینە لەناو دێڕی
شیعرەکانما چۆن ڕێ ئەکەی.
کەست دیوە خۆی شیعر بێ
داوای شیعری کەسی ترکا
کەست دیوە خۆی پەیڤ بێ
بە شیعری تر دڵی پڕکا.
من هەرکاتێ تۆ ئەبینم
چەپکێ شیعر ئەڕنمەوە
لەناو باخی ئەڤینی تۆ
گوڵ و پەیڤ ئەچنمەوە.
تۆ شیعرێکی شێوە ناسک
هەموو ڕۆژێ ئەتلێمەوە
تۆ شیعرێکی ناوازەیت و
شەوان لای خۆم ئەتخوێنمەوە

تۆ شیعرێکی نەوتراوی
تۆ شیعرێکی نەنوسراوی
تۆ شیعرێکی تابلۆئاسا
لەژوور سەرم هەڵواسراوی.

# پەیڤ

ئازیزەکەم لە هەرشوێنێ
بۆ دووری چاوم بڕوانی
منیش لێرە ئەتوێمەوە
لەناو دەفری چاوەڕوانی
ئازیزەکەم لە هەرشوێنێ
بۆم بنوسی، بیرت ئەکەم
منیش هەروام دڵگیرەکەم
یەکەم پیتی ناوی تۆیە
ئەیخەمە سەر زنجیرەکەم.

# باران

باران خۆشناكاتەوە
بۆ من و تۆ ئەبارێ
وەرە با لەم شەقامە
دەستی یەک بگرین، جارێ
وەرە ببین بە تابلۆ
بە گەردنی شارەوە
گوێ بگرین، بۆ گۆرانی
بە پیاسەی ئێوارەوە.
تۆ دەستی خۆتم بەرێ
تا ئەوسەری شارم بڕۆین
لەژێر ئەم بارانەدا بە ئەڤین، خۆمان بشۆین.
وەرە ژێر چەترەكەی من
سەیری چاوی یەكتر كەین
شار پڕكەین لە پێكەنین
خۆشەویستی جوانتركەین.
وەرە با هەر وێنەیەک

بچرکێنین لێرە
نیگا بکەین بۆ ئاسمان
دڵ پڕکەین لە ئەستێرە.
دیمەنێکی چەند جوانە
لەژێر چەترێ، دوو دڵدار
ببن بە ملوانکەیەک
بۆ گەردن و جوانی شار.

٢٠١٤

# نیگا

هەوری خۆشبەختیم، کەمێ دڵتەنگە
نازانم بۆچی ڕەنگی زیز بووە
هەر ئەڵێی قژ و کەزی دارێکە
سەری بەر وەرزی پاییز کەوتووە.
بەفری ئەم وەرزەش ڕووگرژە لە من
وەک بڵێ ئەویش زۆر لێم توڕەیە
ئاگر و پشکۆی ئا ئەم هاوینەش
سووورداخکراوی ناودەم کورەیە.
زۆرجار ناوێرم لە خۆم بڕوانم
ئەڵێم نەوەکو دارستانی ڕووم
ببێتە دۆزەخ، گشتی بسوتێ
بەدەم هەناسە و ئاخی پڕ لە فووم.
دوێنی شەو لەتاو دووریی ئازیزان
پەنجەرەی ژوورم کەمێ کردەوە
خەیاڵی عومرم، هێندە دڵڕەق بوو
منی بۆ دووریی خەمێ بردەوە.

تۆ بڵێی ڕۆژێ دڵتەنگیم بڕوا
هەرگیزاو هەرگیز، کە نەیبینمەوە
خۆشبەختیش وەکو تاڤگەی لاشاخێ
ورد ورد بڕژێتە ناو ئەوینمەوە.
خۆزگە گۆرانی، دڵخۆشیم ئەوت
ئەویش ڕائەما، لە تەنیشتمەوە
خۆزگە باڵندەی خۆشبەختی عومر
لەسەر درەختی ماڵ ئەنیشتەوە.

# خۆزگە

کەشتی شکاوم، لە دەریای تۆدا
هەرگیز ناگاتە، ڕۆخی یەکەمی
هەر هەنگاوێکی هێمن بهاوم
شەپۆل و زریان، دێتە بەردەمی
هەر نیگایەکیش ببڕمە دوورگەی
وشک و برینگە، ڕووبار و چەمی
ئەبمە پەیکەرێ، لەسەر کەناری
ورتەیەک نایە لە زار و دەمی
ئەو کوانوی ژانی، پشکۆ ئاسایە
ئاگر بەربۆتە، دڵی پڕ خەمی
ئەسرین ئەبارێ، چاوەکانی من
بۆچی تەمەنم، هاتۆتە کەمی
کاتێ ئەڕوانم بۆ ئایندەی خۆم
هیچی نەماوە، ساڵ و تەمەنی
خۆزگە، بارانی بزە و پێکەنین
نم نم ئەباری و ئەڕژایە دەمی

بەڵام خۆزگەی من وەرزی پاییزە
لە خۆی تۆراوە، هەموو زەمەنی
خۆشەویستی من، بۆ باوەشی ئەو
بۆتە کورەیەک پڕ سوتەمەنی

# ڕەنگ

ئەوەی هەمە ئەوینێکە
ئەیدەم بە تۆ، تا کۆتایی
بەڵێن بدە تاکو مردن
نەبیت بە دۆستی تەنیایی.
ئەوەی هەمە، من ئەیبەخشم
بەماڵی تۆ، تاکو ئەمرم
ئەوەی هەتە بیدە بە من
تاکو ڕەنگی جوانیت بگرم.
گەر تۆ نەبی ئازیزەکەم
ژیان خەم و وێرانەیە
خۆشەویستی بێ ناوی تۆ
هەنگاوێکی زۆر کوێرانەیە
چەندە جوانە ئاوێزان بوون
ئێوارانێ بڕۆین بۆ دوور
تۆ خۆت بکەی بە باخچەیەک
منیش ببم، بە گوڵی سوور

# جانی جان

چەپکێ گوڵی سوور ئەهێنم
با تەمەنت وێنەی گوڵ بێ
با شەقامی هەموو شارم
سێبەری تۆ و وێنەی دڵ بێ.
خۆزگە ئەمڕۆ، هەموو دونیا
پیرۆزباییان لێئەکردی
بۆ یادی تۆ و هەبوونی تۆ
گوڵی سووریان بۆ ئەبردی.
لەمڕۆژەدا دیاریی بۆتۆ و
بۆ سەر مێزی ڕازانەوە
چەند مۆمێکی ڕەنگاوڕەنگە
تا دواساتی کوژانەوە.
لەم ڕۆژەدا تەنها پەیڤێ
یاداشت ئەکەم بۆ ئەڤینت
پەنجەکانم ئاگر ئەدەم
بۆ تەمەنی پڕ شیرینت.

وەرە ئازیز لەجیاتی کێک
ڕوحم بکە بە شیرینی.
لەجیاتی مۆم دامگیرسێنە
دونیا بکە بە گەشبینی.
ئازیزەکەم، هەزاران جار
لێت پیرۆز بێ ڕۆژی بوونت
ئایندەی تۆ هەر ڕۆشن بێ
وەکو جوانی ناو دەروونت.

# ژینۆ

شەوان ئەتکەم بە گۆرانی و
سپێدەی زوو، گوێت لێئەگرم
ئێوارانیش ئەتکەم بە مانگ
چاو لە نیگای جوانیت ئەبڕم.
دەمێ ئەبم بە خۆشنودی
تا فرمێسکی چاوت بسڕم
ساتێ ئەبم بە زریانێ
لەگەڵ خۆما هەڵت ئەگرم.
زۆرجار ئەتکەم بە شیعرێک و
ناخی خۆمت بۆ دەرئەبڕم
خۆم ئەکەمە باڵندەیەک
بۆ سەر لەپی دەستت ئەفڕم.
زۆرجار ئەبم بە ئەڤینێ
لەسەر سینەی تۆیا ئەمرم
یاخود ئەتکەم بە خەیاڵێ
لە چوارچێوەی دڵمت ئەگرم.

جار ناجارێ، زۆر ئەترسم
کە تۆ بۆ من، هەر خەیاڵ بی
لە هاتن و لە ڕۆیشتنتا
وەک خێرایی مانگ و ساڵ بی.
زۆر ئەترسم، هزری شەوم
سپێدەی زوو هەمووی تاڵ بێ
ڕەنگی ئەوین لای من تۆخ بێ
کەچی لای تۆ هەمووی کاڵ بێ.
گەر تۆش وابیت، خۆشم ئەوێیت
تۆ سەرداری ئەڤینمی
تۆ یەکەمین گرێی بەخت و
ئەستێرەی ناو ئەوینمی
تۆ ڕۆشنایی، ژوورەکەمی
تۆ گلێنە و بینینمی
تۆ نەک تەنها خۆشەویستی
تۆ ژینۆی گشت ڕوانینمی.

# دییە

تۆ لە من جیا نابیتەوە

تۆ ئێستاکەش لەناو منای

دوای عومرێکی دووردرێژ

لەناو دڵێکی کونکونای.

تۆ قەت لە من نابیتەوە

وەک ئاسمان وای لەژوور سەرما.

وەک گلێنە، لەناو چاومای

وەکو پۆشاک وای لە بەرما.

تۆ قەت لە من نابیتەوە

دیرۆکی تۆ، تەواو نابێ

ڕەوا نییە، دوای تەمەنێ

خۆشم بوێی، دڵم لات بێ.

تۆ فرمێسکی چاوم نەبووی

تا جارجارێ بتسڕمەوە

درەختێکی وشکیش نەبووی

جارجار لقت ببڕمەوە.

تابلۆ نەبووی، هەڵتواسم
شیعرێ نەبووی بتنوسمەوە
شەڕێ نەبووی، داتگیرسێنم
وێنە نەبووی، بتناسمەوە
خاکم نەبووی، بەجێتبێڵم
هەنگاو نەبووی، بتوەستێنم
باخچە نەبووی، بتسوتێنم
گوڵێک نەبووی بتوەرێنم
تۆ چاوم بووی، بینینم بووی
خۆ نەئەکرا دەرتبێنم
تۆ ڕوحی شیرینی من بووی
خۆ نەئەکرا بتوەستێنم

٢٠١٠ / نەرویج

# بەیانیت باش

بەیانیت باش، ئازیزەکەم
ئەمڕۆ شێوەت هەر جوانییە
ئەمڕۆ باڵات چەشنی باران
هەر پارچەیەک گۆرانییە
بەیانیت باش، خۆشەویستم
پەردەکە لابە، ئەمبینی
بەیانیت باش، ئەڤینەکەم
تۆ پارچەیەک لە شیرینی.
بەیانیت باش، تاقانەکەم
بڕۆ بەردەم ئاوێنەکە.
بەدەم گۆرانی و شیعرەوە
تێر بڕوانە لە وێنەکە.
وەرە دەستی پڕ لە گوڵت
لەسەر سینە و دڵم دانێ
با نیگامان بۆ چاوانی
ئەڤینێکی نوێ بڕوانێ.

من ئەمەوێ، بۆ پاییزت
گوڵی سەوزی کەمەرت بم
بە باوەشێ ئەڤینەوە
گوڵی یەخە و سەر سەرت بم.
بۆنی عەتری کراسەکەت
من و شاری هەژاندووە
بۆنی پرچ و کەزییەکانت
خۆشەویستی ڕژاندووە.
وێنەکانت، وەکو مانگێ
بە ئاسمانی خەیاڵمەوەن
نیگاکانت وەکو پیری
بە ئەدگاری گشتساڵمەوەن.
بەیانیت باش، شیرینەکەم
سەیرێک بکە، بە خەندەوە
هەرچی ژان و خەمم هەیە
بیخەرە ناو خەرەندەوە.

٢٠١٤/ سلێمانی

# پەپوولە

چۆن یادی تۆ و وێنەکانت
هەڵواسرابن، بەدیارمەوە.
من بتوانم، ئەڤینی تۆ
لەناو دڵما بشارمەوە.
چۆن لە دڵما دەرتبێنم
چۆن لەدوای تۆ، من بمێنم
چۆن داستانی ئەڤینی تۆ
بە وشەیەک بسوتێنم.
چۆن بتوانم، بێ نیگای تۆ
ئەوەی ماوە، تەواویکەم
چۆن بتوانم بێ تۆ بژیم
سەیری تابلۆی خەماوی کەم.
چی لەم هەموو ئومێدە کەم
لە عەشقێکی بێهودە کەم
تۆ لە ڕوحما، وەک سێبەری
تۆ هیچ وەرزێ، هەڵناوەری.

تۆ برینی ڕۆژگارێکی
هەموو ڕۆژێ ئەکولێیتەوە.
تۆ پەپوولەی باخچەی عەشقی
بەسەر گیانما ئەخولێیتەوە.
نا، ناتوانم لەبیرت کەم.
تۆ لە دڵما بەجێماوی
ئاسمانێکی پڕ یادگاری
لەسەر سەرما ڕاوەستاوی.

# پروشە

خۆشەویستی تۆ، پڕە لە جوانی
بە چەندین شیعر ناتوانم بدوێم
ئاوازی دەنگ و گۆرانی شەوت.
زۆر لە دوورەوەڕا ئەگاتە گوێم.
پروشەی ئەڤین دێتە حەوشەکەم
خەمی ڕۆژگارم بۆ ڕائەماڵێ.
ئەدگاری جوانیت، چەشنی پەیکەرێ.
جگە لە نیگا، هیچی تر ناڵێ.
ئاگری ئەڤینت بەربۆتە گیانم
کڵپەی لە دڵما باش داگیرساوە.
لەباتی تابلۆ و نیگاری گەنجیم
وێنەی تۆم، لەجێی دڵم داناوە.
تۆ هەموو ڕۆژێ ئەبی بە هەتاو
لە پەنجەرەوە تێر سەیرم ئەکەی.
زۆرجار، ئەبیتە پەناهەندەیەک
هێندەی نیشتمان، کە بیرم ئەکەی.

منیش زۆر کاتێ ئەبم بە باران
نم نم ئەبارێم، بەسەر ڕوانینتا
ئەبمە تاڤگەیەک، بۆ چاوانی تۆ
تێر تێر ئەپڕژێم بەسەر ئەڤینتا.
من وەکو ناوت، لەتۆ نابمەوە
وەکو دڵیشت هەر لە سینەتام.
وەکو بزەیەک دێمە سەر لێوت
لەناو گریان و ژان و خەندەتام.

# گوڵشەن

چۆن گڕی عەشقم دامرکێنمەوە
کوانوی حەزێکی بۆم داخستووە
پشکۆی ئەوینم لەنێو سروەی تۆ
چنگێ خۆڵەمێش، چنگێ سوتوە.

باخچەی گوڵزارت، پڕ گوڵی سوورە
مێرگێ نێرگزی بۆم ڕاخستووە
گوڵشەنی ڕاز و دیبەی جوانی تۆ
خۆشنودی و بزەی دڵمی ویستووە

پەیڤ و گفتی تۆ، چەنێکیش تاڵ بێ
تامی شیرینە، بەبێ چزووە.
نیگا و سەرنج و تێڕوانینی تۆ
نیوەی تەمەن و دڵمی بردووە.

من لە ئەڤینتا، ورد هەنگاوم نا
تۆ وەک ڕۆشنایی بەدڵما ڕۆیشتی
ڕەگی درەختت، لە ڕوحما دانا.
بۆ چرکەیەکیش، بەجێم نەهێشتی

نیگار و وێنەم، چەند لەتۆ دوور بێ
تۆ سێبەرێکی، وا لە تەنیشتی
گێژاوی عەشقت چەندە ئاڵۆز بێ
بۆ زریانی تۆ ئەبم بە کەشتی

# لێبوردن

چاوەڕوانبە، کە هاتمەوە
چی گوڵ هەیە، لە باخەکەت
چی ئازار و مەینەتییە
لە هەناسەی پڕ ئاخەکەت.
چی باڵندەی تەریو هەیە
لەسەر چڵی درەختەکەت
چی هەوراز و گرد و دۆڵە.
لەڕێی ماڵە پڕ سەختەکەت
هەمووی ئەکەم، بە خۆشنوودی
ئازار لە ماڵتا ناهێڵم
تا هەتایە لای تۆ ئەبم
تاکو مردن جێتناهێڵم.
تۆ چیت هەیە، وەک سکاڵا
بیکە گلەیی و گازندە
چی تورەبوون هەیە لای تۆ
ئەیکەم بە پێکەنین و خەندە.

چی چاوەڕوانیت هەیە ئێستا
چەنێ ڕاماوی بۆ دووریی
دڵنیابە، چەند دووربووم لێت
لە هەموو شتێ لێم ئەبووری.

# سێڤ

ئا ئەم جەژنەت، پیرۆز ئەکەم
وەک پیرۆزیی ناوەکەی خۆت.
دە پێم بڵێ بۆ ئەم جەژنە
چ دیارییەک بنێرم بۆت
تەنها دڵم بەدیئەکەم
وەکو سێوێ قاشیکەم بۆت.
کام قاشەیانت حەزلێیە.
ئەو قاشەیان بەرە بۆ خۆت.

# گلێنە

با من وابم
هەر تەنیا بم
با هەمیشە
لەچاوتا بم.
با من وەکو ملوانکەیەک
بە گەردنتەوە نوسابم
با وەک تابلۆ بە دامێنی
ژوورەکەی تۆ هەڵواسرابم.
با من وابم
بۆ هەمیشە لە دڵتابم
با من وەکو قردێلەیەک
هەر بۆ جوانی لە سەرتابم.
با هەموو شەو
وەکو خەونێ لە خەوتابم
با من وابم
بۆ هەمیشە لە چاوتابم.

با وەک یەکەم پیتی ناوت
لەگەڵتابم
با وەک دڵت لە گیانتابم.
با من وابم ئازیزەکەم
با هەر وابم
لەناو ژیان و لە بوونتابم.
با وەک گوڵێ لە باختابم
با بۆ گشت کات لە ناختابم
با لە بزە و لە ئاختابم.
با من وابم
لە ڕوحتابم
با لە گلێنەی چاوتابم.
با لە ژین و مردنتابم
با وەک سێبەر لەگەڵتابم
من وابم
ئازیزەکەم با من وابم.

# ژیڤان

من ئولفەتم
بەم دوورییەی تۆ گرتووە
تۆم بە خەیاڵ
بۆ ناو ژووری دڵم بردووە.
زۆر شەوانێ بەدیار نیگات
تێر گریاوم تا سپێدە
ئێستاش ئازیز بەو یادەوە
دڵم نوقمی سەد ئومێدە.
تۆش هەر ئەڵێی زوو وەرەوە
من نامەوێ چاوەڕێت بم
من نامەوێ بەدیار خەمی
ئەم دوورییەوە تەواو شێت بم.
منیش ئەڵێم ئازیزەکەم
لەتۆ زیاتر من تامەزرۆم
زۆر ئەترسم ئامێزت کەم
بە دیدارێ ببی بە خۆم.

تۆش ڕۆشنایی تەمەنی خۆت
بەدیار دوورییم کوژانەوە
ئەڤینێکی زۆر شێتانەت
لە کوانوی دڵما، توانەوە.
من ئێستاکە، زۆر ئەترسم
لێت نزیک بم، ئیتر شێت بم
لە بەردەمی پەنجەرەکەم
ئیتر نابێ چاوەڕێت بم.
تۆش هەر ئەڵێی زوو وەرەوە
من نامەوێ چاوەڕێت بم
من ناوێرم بەڵێن بدەم
بەم دوورییەی تۆ زۆر ڕاهاتووم
خۆشەویستیت بارانێکە
لە دوورەوە ئەیدا لە ڕووم.
تۆش هەر ئەڵێی نا ئازیزم
زوو وەرەوە بۆ شارەکە
زوو وەرەوە بۆ دیداری
ژێر ژووانی لای دارەکە.

# نیگار

ئەمشەو هێندە درێژە
شەوێ بووە بە ساڵێ
وێنەی سەردیوارەکە
وەکو خۆت، هیچ شتێ ناڵێ
دیدە و نیگا و سەرنجت
دەمبا بەرەو خەیاڵێ.
مەگەر هەر ڕوخساری تۆ
ببینم لە وێنەدا
دانیشتن و گفتی تۆ
بە خەیاڵ لەو شوێنەدا
پێکەنینمان بە یەکتر
لەبەردەم ئاوێنەدا.
ئەمشەو دیدە و نیگای تۆ
بۆنی ژوورەکەی گرتووم
سەرنجی وێنەکەی تۆ
ئارامیی لێ هەڵگرتووم

ئەمشەو بزەی وێنەکەت
هەموو تەمەنمی بردووم.
هێندەم ڕوانی لە نیگات
خەم ژوورەکەمی تەنی
لە سەیری هەر نیگایەک
یادێکی کۆن ڕاچەنی
وێنەکەشت وەکو خۆم
جوانتر بوو بۆ دیدەنی.
ئەمجارە کە وێنەت نارد
سەرنج بدە، سەیرمکەی
دەست بخە ژێر چەناگەو
وا نیشانبە، بیرمکەی
نەک وێنەکەو ئاوابێ
بە یەک نیگا پیرمکەی.

# تـەمەن

سالٚ با بێت و سالٚ با بڕوا
لام گرنگە، بەس تۆ نەڕۆی
من پێمخۆشە تۆ دلٚخۆش بی
بۆ ساتێکیش ئازار نەخۆی.
سالٚ با بڕوا و سالٚ هەر بابێ
لام گرنگە
ئەم دلٚەی من، هەر تۆی تیابێ.
سالٚ با بێ و شەو و رۆژگار با تەواو بێ
من چیم داوە لە ڕۆژ و سالٚ
لام گرنگە بۆ گشت کاتێ
ئینجانەبی لە تاقی مالٚ.

# توڕەبوون

تۆ چرکەیەک دەنگ دابڕی
ساڵ لە عومری من کەم ئەبێ
تۆ چرکەیەک خۆت زویرکەی
دونیا و دڵم پڕ خەم ئەبێ.
تەنها ساتێ بێ وەڵام بیت
ئاسمان ڕەنگی ماتەم ئەبێ
تۆ زین مەبە بۆ چارەنوس
با چیرۆکی من، مەم نەبێ.
توڕە مەبە، نەکا ڕۆژێ
ئاوێنەی ڕووی ئەڤین بشکێ
توڕە مەبە، نەکا ڕۆژێ
خۆشەویستی لە ڕوح بتکێ.
هەرکات زانیم کە دڵتەنگی
گۆرانییەکت بۆ ئەنێرم
هەر شەوێکیش کە بێزار بووی
بە شیعرێکی نوێت ئەسپێرم.

تۆ باوەشێ گوڵ بهێنە
چەپک چەپک بیخە دەستم
منیش بەدەم خەیاڵەوە
شیعری جوانت بۆ ئەبەستم.

# ئەڤین

دڵم نایە تۆ زیز بکەم
بۆ تورەبووی ئازیزەکەم
تورەمەبە کزەی جەرگم
سارێژ نابێ ئەم برینەم
تورەمەبە جانی جانم
دانامرکێ ئاگری سینەم
تورەمەبە، تۆ تورەبی
کێ نوا بێ بۆ ئەم ئەڤینەم.
تورە مەبە، جانی جانان
با هێندەیتر دڵم نەشکێ
تورەمەبە، نەشمیلەکەم
با فرمێسکم هێندە نەتکێ.
تۆ پێبکەنی، خەم و ژانیش
دەبنە بزە
تۆ پێبکەنی، بێتاقەتیم
دەبنە وزە.

توڕە مەبە، بۆ توڕە بووی

جانی جانان

توڕەمە مەبە، با هێندەیتر

برینەکان نەبنەوە ژان.

توڕەمەبە چاوی چاوم

چۆن دڵت دێ تۆ توڕە بی

چۆن دڵت دێ بۆ سوتانم

پشکۆ سورەی ناو کورەبی.

توڕەمەبە، ئازیزی من

با پێکەنین سایەمان بێ

توڕەمەبە، ڕوحی ڕەوان

با هەر ئەڤین پایەمان بێ.

٢٠٠٣

# ساڵ

ئەی یارەکەم
ڕۆشنایی ژوورە تارەکەم
چی بنوسم بۆ پیرۆزیی سوتوی
تۆ و شارەکەم
ساڵیش
هەمووی دووبارەیە
ساڵیش چنگێ ژمارەیە
ساڵیش زامی کۆن و نوێیە
ساڵیش چنگێ تاڵی و خوێیە
ساڵیش قسە و تاوتوێیە
ساڵیش داخ و ژان و سوێیە
تۆ لێم گەڕێ، من پیرۆزیی ساڵم ناوێ
مۆمی شەو و پێکی سووری تاڵم ناوێ
تۆ لێرە بیت، مانگ و ساڵیش ناوازەیە
تۆ لێرەبیت، ڕۆژ و مانگ و ساڵ تازەیە.
تۆ لێرە بیت

گوێ نادەمە کریسمس و پیرۆزبایی
تۆ لێرە بیت
لەجیاتی مۆم، پەنجەم ئەکەم بە ڕۆشنایی.

٢٠١٨-١-١

# دوور

با شەوەکان هەر کورت بن و
با یەڵداکان هەر درێژ بن
با ڕۆژگار و شەوگارەکان
پڕ لە خۆشی، تام و چێژ بن
بەچی ئەچێ چاوەڕوانییم
هەر بە خەیاڵ لەلای تۆ بێ
ئەم خەیاڵە، نەبێتە ڕاست
شەو و ڕۆژمان پڕ لەسۆ بێ
بەچی ئەچێ من لێرە بم
تۆش لە دووری من بڕوانی
بەچی ئەچێ تۆ لەوێ بی
من لەماڵی (چاوەڕوانی)

# ژوور

دییەی تۆ کاتێ ئەگری
ڕۆژگارم پڕخەم ئەبێ
تۆ ئازار بێتە ماڵت
ساڵ لە عومرم کەم ئەبێ.
کاتێ دڵی تۆ دەشکێ
من دەمرم، دەبم بە خۆڵ
لێوی تۆ تینووی ببێ
من دەبمە کانی و شەپۆل.
درەختم بۆ حەوشەکەت
شەقام بۆ ڕۆیشتنت
گلێنەی ناو چاوی تۆم
مەحاڵە جێهێشتنت.
ئینجانە و تابلۆی منی
لەنێو تاقی ژوورەکەم.
شەوێکی پڕ ئەستێرەی
خۆشەویستە دوورەکەم.

چاو لێک بنێ ئەمبینی
لە گلێنەی چاوانتا
ئەمبینی لە ئاوێنەی
ڕۆژگاری خەونەکانتا.

# کاتژمێر

قەت نەمدیوە
کاتژمێری خۆشبەختی من هێندە خاو بێ
قەت نەمدیوە
وەکو ئەمشەو دڵم هێندە پڕ زووخاو بێ.
خوایە ئەمشەو زوو تەواو بێ
بارانی ئەم دڵتەنگییە، بەبێ تاو بێ
ئەمشەو چەنێ دڵتەنگم
ئەمشەو چەنێ بێدەنگم
دڵم پڕە لە خەمی تۆ و لە وێرانە
خەیاڵی تۆ و وێنەکەشت بۆ من ژانە.
ئازیزەکەم دە تۆ بنوو، بێخەم بنوو
من ڕۆشناییم بۆ چاوانت، دەبمە سوتو.
با تاریکیی ئایندەمان لێ ڕەش نەکا
با ڕەشەبا، گڕی دووریمان خۆش نەکا.
دە تۆ بنو بێخەم بنو
بۆ ڕۆشناییت ئەبمە سوتو.

سەرت بنێ بەدڵمەوە.
چاوەکانت هێواش داخە.
دەرگای پێکەنین ئاوالاکە
پەنجەرەی ئازارت داخە.
ئەمشەو وایە
سبەی نایە
خۆریش وا زوو هەر هەڵنایە.
سەرم پڕە لە خەیاڵی،
وێنە جوان و شیرینەکەت.
دڵم پڕە لە گریانی
دڵە تەنگ و پڕ قینەکەت.
شەو نەبووایە، نەمئەزانی
چاوەڕوانیی هێندە دوورە.
نەمدەزانی
دووریی لە تۆ، کۆژانێکی بێسنورە.

# ڕەهێڵە

کام ئازارەی زۆر دژوارە،
هێندەی دوورییت نەیتاساندوم
کام زستانەی کە زۆر ساردە،
هێندەی جوانیت نەیتەزاندوم
کام باگژەی کە زۆر توندە،
هێندەی نیگات نەیوەراندوم
کام ڕەهێڵەی پڕ شەختەیە،
هێندەی ناسکیت نەیشکاندوم
کام بارانەی زۆر بەخوڕە،
هێندەی میهرت نەیتەراندوم
کام ئاسمانەی کە زۆر شینە،
هێندەی چاوت نەیفڕاندوم
کام شەو هەیە، زۆر درێژە،
هێندەی بزەت نەیخەواندوم
دە دوورمەبە ئازیزەکەم،
چ زریانێ وایکرد دوور بی

کام ڕەهێڵەی تەمومژ بوو
وای لێکردی ئاوی خوڕ بی
کام بەفرە بوو، ڕێی لێگرتی
باڵ لێک نەنێی، بۆ ئاسمانم
کام کڕێوە و ڕەنوی سارد بوو
تۆی دوور فڕاند لە چاوانم

# خەون

که تۆ چاوت ئەشکی لێبێ
شاریش وەک من پڕ خەم ئەبێ
که تۆ ئازار بێتە ماڵت
ساڵ لە عومرم چۆن کەم ئەبێ
که تۆ دڵت گەردێ بگرێ
من چۆن دەشکێم، دەبم بە خۆڵ
که لێوی تۆ تینووی ببێ
من چۆن دەبمە دەریا و شەپۆل
من درەختم بۆ حەوشەکەت،
من شەقامم بۆ ڕۆیشتنت
من گلێنەی ناو چاوی تۆم
زۆر مەحاڵە جێهێشتنت
تۆ ئینجانە و تابلۆی منی
لەپەنجەرەی ژوورەکەی خۆم
من شەوێکی پڕ ئەستێرەم
لە ئاسمانی سەر سەری تۆم

چاو لێک بنێ ئازیزەکەم

من ئەبینی لە چاوانتا

من ئەبینی لە ئاوێنەی

ماڵی خۆت و خەونەکانتا

# بێزاری

من پاشماوەی جەنگی عەشقم
چۆن سەیرمکەیت ئەتسوتێنم
قەت ناتوانم کەزییەکانت
لە ئاوێنەی بەختی خۆما دابهێنم.
من کە سوتوی دەستی درۆم
چۆن بەڕاستیت بناسێنم
چۆن بتوانم لە شیعرێکما
کاسەی سەرت بتاسێنم
لە ماڵێکدا بەندکراوم
کە ئاسمانم لێ دیار نییە
من لە شارێکا زیندانم
هەرگیز شاری ئەوین نییە.
وا باشترە دوور بی لە من
من ئەوینم ترسناکە
لە سێبەری خۆم بێزارم
برۆ لە دەست عەشقم ڕاکە.

٢٠٠١/ سلێمانی

# بەفر

من و بەفر زۆر لێک دەچین
لەوەتای هەین، دۆستی کۆچین
لەوەتای هەین دەتوێینەوە
لەوەتای هەین دەخولێینەوە
ڕۆژێ چیا و ڕۆژێ گوند و ڕۆژێکیش شار
ئەو خۆی لە خۆر دەدزێتەوە،
من دەگەڕێم بۆ چاوی یار.

# برین

دڵم دەڵێ هێندە مەژی،
با جێت بێڵم بەسە ئیتر
هەنگاو مەنێ بۆ سبەینێ،
مەچۆرە ناو ڕۆژێکی تر
ئەڵێم دڵم مەموەستێنە،
ڕاستە ژیان شیرین نییە
خۆ ئەزانم کەس وەکو من،
لاشەی هەمووی برین نییە

# جودایی

ئازیزەکەم لێم ببورە
ئیتر نایەم بۆ جێژوان
وا باشترە هەر تەنیا بین
تێکەڵ نەبین. نەبین بە دووان
کە شار هەمووی ناڵە و دەنگ بێ
مرۆڤ هەمووی دژی ڕەنگ بێ
شەڕ ببێتە تابلۆی ژیان
بۆچیمانە ببین بە دووان
کە باخچەکان هەمووی مین بن
بۆ من، بۆ تۆ، بۆ دڵداران
کە ئاسمانمان ڕەنگی سوور بێ
چۆن پیاسەکەین لەبەر باران
کە شەقامی ئێمە جەنگ بێ
دەستەکانیش پڕ لە چەک بێ
بۆچیمانە ببین بە دووان
بۆچیمانە باخچە و ژووان

ئەگەر ڕۆژێک هەنگاو بنێم
بەرەو شەقامی ئەوینت
لەوانەیە خوێن ببینی
لەجیات دیاری و گوڵبەخشینت
وا پێئەچێ عومری ئەڤین
لەم شارەیا کۆتایی بێ
دوا ئاکامی گشت عاشقێک
بەرەو دنیای جودایی بێ.

# ئاوێنە

که وێنەکەی بۆ من
چرکاند.
یادگارییەکی سەیری
نەخشاند
چی چۆلەکەی سەر درەختی ماڵەکەم بوو
هەڵیفڕاند
چی گوڵ هەبوو لە ئینجانەی ماڵەکەما
هەمووی وەراند
چی خۆزگە بوو لە یاداشتی ئایندەما
هەمووی مراند
بەڵام شتێ زۆر ناخۆش بوو، لەپڕ ڕۆیشت و
دڵمی شکاند.

# تروسکە

ڕووخسارم چەشنی ئاوێنەی شکاو
کەسێ نیگایەک، ناخاتە سەری
تروسکەی ئومێد، هەمووی تاریکە
بەرگی مەینەتی کردۆتە بەری.

باخچەی تەمەنی دڵم سوتاوە
مەگەر بارانێ، سەوزیکاتەوە
درەختی سەرم، بێ باڵندەیە
بەهارێ نایە، ئاشتیکاتەوە.

هەوری ئاسمانم، هەمووی گریانە
بەدوای پێکەنین، هەنگاوێ ئەنێ
چەشنی تاڤگەیەک، چاوم بارانە
فرمێسکی تاڵی پێم پێئەکەنێ.

وەرزێ نابینی، لە ڕوحی منا
بەبێ باران و ڕەهێڵە و زریان
ڕۆژێ نابینی لە ڕۆژگاری من
بزەم هاتبێ لەجیاتی گریان.

فڕندەی تەمەن زوو هەڵفڕی لام
ناگەڕێتەوە، هێلانەکەی خۆی
دڵم کوانوە، پڕ پشکۆی ئەڤین
بارانێ نایە، دایمرکێنێ سۆی.

# بنو ئازیز

فریشتەکەم بۆچی نانووی
چ ئازارێ یەخەی گرتووی
چ یادێکی کۆن و تازە
بۆ لای خەمی دوێنێی بردووی.
شەو درەنگە، گیانە بنوو
با زریانێ نەتفڕێنێ
با یادێکی کۆنی ئەڤین
چاوەکانت نەگرێنێ.
بنوو ئازیز، تێر تێر بنوو
لەناو کوانوی خەمەکانما
لەناو پێڵووی چاوەکانما
نەوەک زستان بێزارت کا.
نەوەک هەور بێدارت کا.
ئەوە چاوم ئەسوتێنم
بۆ تروسکەی خەونەکانت
ئەوە ڕوحم ئەوەستێنم

بۆ سوتانی خەمەکانت
بۆ من سەختە، کە تۆ نانووی
دڵسوتاوی، چەشنی کوانوی
بۆ من سەختە، چاو داناخەی
بۆ خەمی خۆت جێ ڕاناخەی.
ئازیز بنوو، شەو درەنگە
ئەستێرەکان وەک ژیلەمۆن.
دڵسوتاون، هەروەکو تۆن.
کز ئەسوتێن، هیلاک، ماندوون
بۆ ڕۆشناییت چنگی سوتون.
توخوا بنوو، با فرمێسکم
تاڤگەی خەمێ نەپڕژێنێ
با ژانی دڵ، لە دووری تۆ
تابلۆی گریان نەنەخشێنی.

# گوڵی سوور

لێم ببوورە
کە نەمتوانی بۆ ژووانی،
ئەو ڕۆژە بێم
گوایە چاوەڕێت کردبووم
گوڵێکی سوور ببەخشی پێم.
خۆشەویستم جارێکیتر
تۆ و ئەوینت لێم ببوورن
دەستی میهر و ناسکی تۆ
هەر شایەنی گوڵی سوورن.
ئێستا وەرە چاوەڕێتم
چەپکێ گوڵی سوورم بەرێ
گوڵ لە دەستا، چەشنی بەهار
چرۆ ئەکا، هەڵناوەرێ.
تۆ خۆت گوڵی جانی جانم
باخچەیەک گوڵ ئەبەخشم پێت.
تۆش هەر بۆخۆشی جارجار بڵێ

گوڵ وەرناگرم لە کەسی شێت.
بە دەنگێکی زۆر نزم و خۆش
ناوەکەی من کورتکەرەوە.
لەگەڵ خۆتا بۆنی من و
چەپکێ گوڵی سوور بەرەوە.
بەڵێن ئەدەم هەموو ڕۆژێ
گوڵێکی سوور دیاریی من بێ
بەڵێن ئەدەم ئا ئەو شارەی تۆی تیا ئەژی
شاری من بێ.

# هەنسک

لەم دوورییەی تۆ خۆشنابم
زۆر شەکەت و ماندووی کردووم
زۆر شکۆفەی جوان و شەنگی
وەکو عومرم، هەڵوەراندووم.
زۆر لێشاوی خەونی سەنگی
لە چاواندا، لێ تۆراندووم
زۆر ئومێدی پڕ خۆزگەمی
لە ژیاندا، لێستاندووم.
زۆر مەلی خۆشەویستی
لە باخمدا، لێفڕاندووم
گەلێ نامەی یادگاری
ناسکی لێدڕاندووم.
لەم دوورییەی تۆ خۆشنابم
خەونی سەوزی لێزڕاندووم
پەیڤی ناسکی و ڕەنگاڵەیی
وەک دڵم لێسوتاندووم.

زۆر باران و بەفری خەمی
وەک زریان لێباراندووم.
کۆشکی خەونی ئاوێنەیی
بە ڕەشەبا لێشکاندووم.
ماڵ و لانەی یادەوەریی
بێبەزەیی لێڕماندووم.
لەو ڕۆژەوەی کە تۆ دووری
من بە لاشە تەنها زیندووم
بۆ هاتنەوەت، هەروەکو زووم
بۆ کۆچی تۆ چنگێ سوتوم

٢٠٠٦

# سۆ

هەموو ئومێدم، تۆ بووی
تۆش نائومێدت کردم.
بە درۆی خۆش و شیرین
هەموو تەمەنت بردم.
حەزمکرد ئەستێرە بی
بۆ ڕۆشنایی، شەوگارم
خۆری خۆشەویستی بی
بۆ ئازاری، ڕۆژگارم
وەکو هەورێ تۆ ڕۆیشتی
بۆ من بووی، بە گریانێ
بۆ ڕۆشنایی دڵی من
تۆ نەبووی، بە ئاسمانێ.
نەبووی بە ئەستێرەیەک
شەوان بێیتە ژوورەکەم.
نەبووی بە کانییەکی ڕوون
بۆ سەر ڕێگا دوورەکەم.

بووی، بە باڵندەی ژانێ

هاتیتە سەر درەختم.

بووی بە بەفر و زریانێ

باریت بۆ ڕێگەی سەختم.

هەرچیم کرد نەبووی بە خۆم

هەرچیم کرد نەبووم بە تۆ.

تابلۆی دڵی تۆم نەخشاند

دڵی خۆم پڕ بوو لە سۆ.

٢٠٠٩

# ئاشت

مەگەر پێکەنین ئاشتمکاتەوە
ئەگینا دڵم خراپ تۆراوە
بەگریەی قوڵ و هەنسکی پاییز
عومری خەمگینم، هەمووی براوە
هەرچی بەهارە بێتە ناو دڵم
من جارێکیتر سەوز نابمەوە.
ڕۆژگار، هێندەی تر ژانێکە بۆ من
چۆن لەگەڵ خۆما، من ئاشت ببمەوە.
دڵم جێماوی سوتوی عەشقێکە
زیاتر وندەبێ، بە بای ئەڤینێ.
لەناو خۆشیدا تێکەڵکێشی کەی
خەم ئاوێنەیە و خۆی تیا ئەبینێ.
شووشەی دڵی من، گەلێ ناسکە
زۆر چەکوشی ساردی پیاکشێراوە
دیواری عەشقم، چەشنی زیندانێ
وشەی ناخۆشی زۆر تیا نوسراوە.

خۆزگە هەرجارێ، ئەبوومە باران
تاکو خەمی ئەو، پاک بشۆمەوە.
خۆزگە ئەبومە، هەنگی لێوی ئەو
تا شیلەی حەزی تێر بخۆمەوە.
بەڵام ئێستاکە، خەیاڵیش وایە.
تۆ نزیک ناکات، لە نیگای چاوم.
خەونیش دڵڕەقە، تۆم بۆ نابینێ
تەڵخە پەنجەرەی، کۆشکی ڕووخاوم.

# گەردن

به هەرشوێنێکدا تۆ بڕۆیت!
فرمێسکی من، تۆ تەڕ ئەکات
به هەر ئاسمانێکیشدا بفڕیت
گریانی من گوێت کەڕ ئەکات!
بچیتە ناو ئاگریشەوە سێبەرەکەم
لەگەڵتایە...
بچیتە ناو گۆڕیشەوە خۆشەویستیم لەدڵتایە.
تازە تۆ و من
دوو وشەین و هەتا مردن لێکدراوین.
دوو تابلۆین و دوو چیرۆکین!
به گەردنی چارەنوسا هەڵواسراوین.

# بەفر

نیگاکانت هێندە گەرمن
من هەست ناکەم کە زستانە.
نەغمەی دەنگت پروشەیە.
دەستت کوانوی ئاگردانە.
تۆ پێم بڵێ، کوا زستانە.
کوا ڕەهێڵە و ڕێبەندانە.
مردن لەگەڵ تۆ ژیانە.
تۆ لێرە بیت، کوا زستانە.
کوا سەرمایە، کوا گیانە
تۆ لێرە بیت زستان گەرمە.
بەفریش خۆری بەیانیانە.
ئەتوێتەوە لەتاو شەرمە.
تۆ لێرە بیت، کوا زستانە
بەستەڵەکیش هەر سوتانە.
تۆ لێرە بیت، کوا زستانە
شەختەش بۆ خۆی پڕوکانە.

دنیا ساردبێ، بەفر ڕوحی

گەرم و جوانە

تۆ لێرە بیت، بەفریش پشکۆی

هاوینانە.

تۆ لێرە بیت، کوا زستانە

بەفر پیاسەی ئێوارانە.

# تینوو

پێکەنینی تۆ هەوری خۆشییە
ژانی ڕۆژگاری سەختم کەم ئەکا
ونبوونی دییە و بێدەنگیی شەوت
وەرزی بەهارم، پڕ ماتەم ئەکا.
کاتێ نیگای تۆ، دێتە بەرچاوم
هەور و پەنجەرەی عومرم تەم ئەکا.
وێنەی ڕووخسارت چەشنی ئاسمانێ
لە ئەدگارەکەی خاتوو شەم ئەکا.
ماسی ئەوینم، تینووی دیدارتە
پیاسەی خەیاڵی، دەریا و چەم ئەکا
بارانی ئەڤین، چۆڕ چۆڕ ئەبارێ
تامەزرۆی ماچی لێو و دەم ئەکا.
کەشتی سەرشێتم، بۆ زەریا ئەڕوا
زریانی ئەوین، چۆن ستەم ئەکا
نوسینی عەشقی ڕۆژگاری شیرین
لە مێژوومانا دەماودەم ئەکا.

ڕاشەنی حەزم لە دییەکانتا.
هاتۆتە خوارێ، بەچەشنی کەزی.
گڕی کوانوی من، سوتاوی تۆیە
کەچی تۆ ئەڵێی وا ڕوحم تەزی.
وەکو بەفرێکی سپی دارستان
لەبەر هەتاوتا، زوو ئەتوێمەوە
لەناو مۆزەی تۆ و مرواری ڕوحتا
بووم بە ئاسەوار نادۆزرێمەوە.

# سەراب

ئەی سەرابی خۆشبەختی من،
بۆ هەمیشە لە ونبووناى
لە ئاسمانی چ شارێکدای،
لە خەیاڵی کام دەرووناى.
لە ئامێزی کام شارەدا.
گەڵای عومرت ئەوەرێنی
لە ئاوێنەی چ ماڵێکدا،
لە جوانیی خۆت ڕائەمێنی.
لە پەرداخی کام عاشقدا
شەرابی تاڵ ئەخۆیتەوە.
دەستت لەناو چ دەستێکە،
کە بەرەو ماڵ ئەڕۆیتەوە.
لەژێر سایەی کام درەختای،
گەڵا پۆل پۆل دێتە خوارێ.
لە ژووانی کام عاشقدای
دەستلەملانی لەگەڵ یارێ.

خۆتۆ وتت جێتناهێڵم،
دڵی ئەڤین دەهێنم بۆت.
لەجیات ئەوەی دڵ جێبهێڵی،
دڵی منت برد لەگەڵ خۆت.
تازە بڕۆ دووربە لە من
با ڕووخسارت نەبینمەوە.
حەزیش ناکەم وەکو جاران
بڕژێیتە نێو ئەوینمەوە.

# ناونیشان

چیت لێم ئەوێ نازەنینم،
باخی دڵم زەردو وشکە
تەنها ئەژیم لەم ژینەدا،
چاوانیشم پڕ لە ئەشکە
من قەدەرم وای هێناوم
کە هەمیشە بەبێ یار بم.
کەس لە دەرگای دڵم نەدا،
لە سێبەری خۆم بێزاربم.
تەنیایی وەک دڵم وایە،
هەموو کاتێ هاوڕێی منە
خۆشی دەمێکە جێیهێشتووم،
ماڵی خۆشبەختم لێ ونە.
دڵم هیچ کات ئۆقرە ناگرێ،
پەپوولەی حەزم فڕیوە.
ئاگری پیریی سوتاندمی،
گشت تەمەنم هەڵوەریوە.

قەت مەپرسە لە ژینی من
ڕوخسارم ناونیشانمە،
خۆت مەخەرە ناو ناخمەوە،
پاییز خۆشەویستی گیانمە.
برۆ ئازیز گوڵ مەڕوێنە،
لە بیابانی دڵی تینووم
زۆر دەمێکە بێ دڵ ئەژیم،
وا هەست نەکەی بەڕوح زیندووم

# ئاوێنەی شکاو

یەکەم کەس نیت، نیگای خەمێ
بۆ گلێنەی چاوم بەری
زۆرجاریتر چرۆی عەشقم،
بۆتە سوتوی بیرەوەریی.
یەکەم کەس نیت، هەنگی دڵت
بخولێتەوە بەسەر گوڵما
یەکەم کەس نیت، پەپوولەی حەز
هەڵفڕێنی لەسەر دڵما.
من تەنیاییش لێم بێزارە
لە کۆشکێکی ڕووخاو ئەچم.
کەس لە سیمای من ناڕوانێ
لە ئاوێنەی شکاو ئەچم.
زۆر لەمێژە چاوەکانم
کانی و تاڤگەی ئەشک بووە.
لەبەر دەرگای چاوەڕوانی
چڵی عومرم وشک بووە.

من ناتوانم هەتا مردن

ئەم پەرتووکەی ئەڤین داخەم.

چاوەڕوانی ڕۆژگارێکم

ڕوحم بۆ دیدەنیت ڕاخەم.

# لێم دوور مەبە

کام ئازارەی زۆر دژوارە
هێندەی دووریێت نەیتاساندووم
کام زستانەی کە زۆر ساردە،
هێندەی جوانیت نەیتەزاندووم
کام باگژەی کە زۆر تووندە،
هێندەی نیگات نەیوەراندووم
کام ڕەهێڵەی پڕ شەختەیە،
هێندەی ناسکیت نەیشکاندووم
کام بارانەی زۆر بەخوڕە،
هێندەی میهرت نەیتەراندووم
کام ئاسمانەی کە زۆر شینە،
هێندەی چاوت نەیفڕاندووم
کام شەو هەیە زۆر درێژە،
هێندەی بزەت نەیخەواندووم
دە دوور مەبە ئازیزەکەم،
چ زریانێ وایکرد دووربی

کام ڕەهێڵەی تەومژ بوو

وای لێکردی ئاوی خوڕ بی

کام بەفرە بوو، ڕێی لێگرتی

باڵ لێک نەنێی، بۆ ئاسمانم

کام کڕێوە و ڕەنووی سارد بوو

تۆی دوور فڕاند لە چاوانم

# گەورە مەبە

گەورە مەبە، کزەی جەرگم
گەورە مەبە، گلارەی چاو
گەورە مەبە، جانی جانان
گەورە مەبە، ڕوح و هەناو...
بۆ پێتخۆشە زوو گەورە بی
بۆ ئەتەوێ زوو تورە بی
بۆ ئەتەوێ بۆ گەورەبوون
خۆڵەمێشی ناو کورە بی.
من نامەوێ تۆ گەورە بی
من نامەوێ تۆ گاڵتەچی
ئەم ڕۆژگارە پڕ تەورە بی
من ئەمەوێ بەبێ فڕین
ئاوێزانی ئەو هەورە بی.
بۆ ئەتەوێ هەتاکو هەی
گوێت لە گۆرانی ماتەم بێ
بۆ ئەتەوێ سینەی پاکت

پڕ زووخاو و ژان و خەم بێ.
بۆ ئەتەوێ تەوقی ئاسن
بخەیتە ناو هەردوو مەچەک
بۆ ئەتەوێ بۆ ئاژاوە
شان و دەستت بکەی بە چەک.
بۆ ئەتەوێ بە ئاگری ئەم ڕۆژگارە
عومری شیکت بسوتێنی
بۆ ئەتەوێ کە گەورەبووی
چاو لە جوانی بنووقێنی.
تۆ نازانی کە گەورەبوون
پشکۆی دەمی ئاگردانە
گەورە مەبە، نازدارەکەم
هەر منالّی لە تۆ جوانە.
گەورە مەبە، شیرینەکەم
گەورە مەبە، جانی جانان
گەورە مەبە، نەشمیلەکەم
گەورە مەبە، چاوی چاوان.

٢٠١٣ /سلێمانی

# سوتان

دایە چەنێ بیرت ئەکەم،
ڕوحم شەیدای بۆنی تۆیە
تۆ نازانی ئەم دوورییە
سوتانێکی بێ پشکۆیە
دڵم بۆتە لانەی خەم و
ماڵم بۆتە پارچەیەک ئێش
هاکا ڕۆژێ بۆ دووریی تۆ
لاشەم ببێ بە خۆڵەمێش.

# دایە

بێ ڕۆشنایی تۆ دایە.
ژیان هەردەم خامۆشە
بێ بزە و پێکەنینت
بەهەشت لای من ناخۆشە.
دایە نیگا و ڕوانینت،
چەند هەستێکی شیرینە
ئاوێنەی ڕووخساری تۆ
پڕ خەندە و پێکەنینە.
خۆزگە لە نۆبەی تۆ،
دایکە، مردن درۆ بێ
تێکڕای هەموو تەمەنم
بۆ یەک هەناسەی تۆ بێ.
دایە دەنگ و لایلایەت
سروودی نیشتمانمە.
دایە خۆشەویستی تۆ،
تێکەڵی خوێن و گیانمە.

# دایک

یەکەمین خۆشەویستم
دواهەمین خەمخۆری من
مانگی شەوانی تەنیام
دایە تاقە خۆری من.
تۆ جوانترین دیاری خوای
دایە تۆ سایە و نوای
کاتێ لەئامێزیشتام
هەر ئەڵێم دایە تۆ کوای.
کاتێ چاوم کردەوە
نیگای چاوی تۆم بینی
تۆ لە ڕوحما توایتەوە
چاوم هەر تۆی ئەبینی.
دایە چاوت گزنگە
هەموو ڕۆژ ئەیدا لە ڕووم
نیگای تۆ تریفەیە
شەوان لە ڕوحتا ئەنووم.

دایە باخچەی ئەڤینم
بێ تۆ وشک و بێ ئاوە
خۆشەویستی تۆ بۆ من
وەکو بینین و چاوە.
بێ تۆ، من چاوم ناوێ
عومرم با ئازار بیبا
دڵم ترپەی بۆ چییە
ڕۆژێ بەبێ تۆ لێبا.
خۆزگەی هەموو عومری من
بچێتە سەر عومری تۆ
خۆزگە لە نۆبەتی تۆ
مردن ئەبوو بە درۆ.

# باوک

بابە تۆ تەنها کەسێکی
هێندەی دنیا خۆشیت پێیە
لەهەر کوێیەک بوونت هەبێت
میهرەبانی وا لەوێیە.
چ سیحرێکە ڕوخساری تۆ
خۆشەویستیم پێ ئەبەخشێ
بێ تۆ باڵندەی شەکەتم
باڵم گشت کات لە خاک ئەخشێ.

# ژینە

ژیـــنەی گـــوڵم و ژیـــنەی دڵـــم، تـــاکو مـــردن تـــۆ ســـایەمی
تـــاکو مـــردن تـــۆ هەناســـەی، تـــۆ گەورەتـــرین ســـەرمایەمی
تـــۆ مـــۆمێکی درەوشـــاوەی، لەژوور ســـەری تـــاریکی مـــاڵ
تـــۆ لەگەڵمـــای وەک هەناســـە تـــا کۆتـــایی تەمەن و ســـاڵ
تـــۆ درەختـــی ســـەوزی ســـاڵی، ســـێبەرێکی لە تەنیـــشتمای
تـــۆ یـــاقوتی لەنـــاو دڵمـــا، تـــۆ وەک ڕوحـــم وا لە مـــشتمای.

# تابلۆ

چۆن بتوانم تابلۆی حەزم، لە ژوورێکی تر هەڵواسم
چۆن بتوانم دوای ئەڤینت ڕووخسارێکی تر بناسم.
تۆ کرۆکی ئەوینمیت تا دوا سنور خۆشمویستوی
لە هەناوی پاییزێکدا، فەرشی سەوزم بۆ ڕاخستوی
بیرکەرەوە چەند شەوانێ بۆ ئازاری تۆ گریاوم
بیرکەرەوە چەند شەوانێ بۆ ڕووناکی تۆ سوتاوم
کە پێم ئەڵێیت ئیتر تەواو، کۆتاییمان هەر ئەمشەوە
وا هەست ئەکەم ژیانی من خەیاڵێکە و هەمووی خەوە
بڕۆ بەدیار شەوێکی تر مۆمی عومرت داگیرسێنە
ئایندەشم وەک ڕابردوو، وردوخاشکە وەک ئاوێنە

# گوڵدان

وەرە وەرە ئازیزم. دەرکەوە وەک ئەستێرە
لەو کاتەوەی تۆ ڕۆیشتووی چەند تاریکە ئێرە.
وەرە جوانترین دڵدار، شاجوانی کوردستانم
وەرە ئاگری ناو کوانوی، ساردوسڕی زستانم
تامەزرۆم ڕۆژێ تۆ بێی، دانیشین لە باخێکا
چی ئازاری دووریە، بیدەین بەدەم داخێکا
ژیان وا جوانە ئازیز، هەر دۆستی پێکەنین بین
یەکتریمان خۆشبوێ، لەناو دڵا شیرین بین
وەرە وەرە دیدەی من، گوڵدانی سەر تاقی ژوور
وەرە توند دەستم بگرە، با بڕۆین شارێکی دوور

# ئاوێزان

مـن حەز ئەکەم هەمـوو سـاتێ، وەکـو دڵـم لەلای مـن بـی.
قەت نـامەوێ بـۆ سـاتێکیش، لەبەر سـۆمای چـاوم ون بـی.
حەزیـش نـاکەم بەجێتبـێڵم، ئەڵـێم نەوەک تـۆ تەنیـا بـی
وەکـو دڵـم تـۆم خۆشـئەوێ، بـۆیە حەز ئەکەم تـۆش وابـی.
هەرگیـز نـاتوانم لێت دووربـم، تـۆ تێکەڵـی هەناسـەم بـووی
لە شـەقامی ونبونمـدا، ناونیـشان و پێناسـەم بـووی.
هەمـوو عـومرم ئەدەم بە تـۆ، خـۆم لە ژیـان بێبەش ئەکەم
بەبـێ دڵـیش دائەنیـشم، دڵـی خۆمـت پێـشکەش ئەکەم.
لە پەنـجەرەی ڕوانیـنمەوە، هەمـوو شـەوێ بـۆت ئەڕوانـم
بـۆیە هێنـدە تـۆم خـۆش ئەوێ، چـونکە تێکەڵبـووی بە گیـانم

# یاد

هەموو ساتێ نیگات ئەکەم، بە خەیاڵیش بۆت ئەڕوانم
هەموو ڕۆژێ لەسەر شارێی ئەڤینی تۆ چاوەڕوانم
ئەڵێم خوایە، بەڵکو جارێ بێیتەوە ناو یادەکانم
بەڵکو خوایە وەکو باران بڕژێییتە ناو چاوەکانم
هەموو ڕۆژێ سەیری میلی کاتژمێر ئەکەم
سەیری مێژووی ڕۆیشتنی تۆ و ڕۆژمێر ئەکەم
سەیری نامە و شیعری تازە و دوا دێڕ ئەکەم
ئەڵێم خوایە ئەڤینی من، کەی دێتەوە باژێڕەکەم
هەموو ڕۆژێ ئەڵێم خوایە، ئەبێ من و شاری بیربێ
ئەبێ وەکو جارانی من، دڵی هەمووی زام و تیربێ
ئەڵێم خوایە بەدیار کێی تر، عومری بڕوا و جوانی پیربێ
وەک باڵندەی تەڕی زستان، باڵ و قاچی لای کێ گیربێ.
هەموو ڕۆژێ سەیری بورجی بەختم ئەکەم
هەموو ڕۆژێ سەیری زامی سەختم ئەکەم
ئەڵێم خوایە، کوا ڕۆشنایی دڵدارەکەم
ئەڵێم خوایە کەی دێتەوە بۆ شارەکەم

# کوانو

مناڵیم چەندە جوان بووی، بە دیدی خەیاڵمەوە
ئێستا خەمم دژوارە، پیری هاتۆتە ماڵمەوە
گەورە بووم، تێنەگەیشتم، مناڵی چەندە جوانە
نەمزانی کە گەورەبوون، پشکۆی نێو ئاگردانە
ئێستاکە چەند حەز ئەکەم بڕۆمەوە نێو مناڵی
دووربم لە ژانی ڕۆژگار، لە خەمی هەموو ساڵی
چەند زوو تەمەن جێیهێشتم، پیریی هاتە ماڵمەوە
ڕێژنەی تەمەنێکی زۆر، وا هاتە ژێر باڵمەوە
بێزارم لە گەورەبوون، خۆزگە هەر مناڵ ئەبووم
بەدڵێکی خۆشەوە، دایم بەرەو ماڵ ئەچووم
بەسەر پشتی ئەستێرەوە، بە ئاسماندا باڵم ئەگرت.
هەرچی خۆشیی دنیایە، لە ئامێزی خۆم ئەگرت.
ڕۆژگار تێدەپەڕێ، زەمەنیش ناوەستێ بۆم.
گەورەییشم وەک مناڵی، کز ئەسوتێ بە وێنەی خۆم.

١٩٩٧

# ئەشک

ئێستاش هەموو ئێوارانێ، خەم لەجیاتی تۆ دۆستمە
ئێستاش هەموو بەیانیانێ، بۆ بینینی تۆ کۆستمە
ئێستاش دەنگی هەر دەرگایە، وەک ڕەشەبا ڕامئەژێنێ
ئێستاش پیتی ناوەکەی تۆ، دڵ و گیانم ڕائەچەنێ
ڕۆیشتنی تۆ، خەزانێ بوو، تەمەنێکی سەوزی وەراند
ڕۆیشتنی تۆ، ئاگرێک بوو، دارستان و باخچەی سوتاند
خۆزگە جارێ وەک ڕابردوو، دەستت ئەخستە سەر شانم
خۆزگە جارێ هەر وەک جاران، تیر ئەتڕوانی لە چاوانم
خۆزگە جارێ لەگەڵ منا تیر ئەگەڕای بەناو شارا
بەدەم پیاسەی ئێوارەوە، دەچووینە لای مامەیارە
تۆ هیوا بووی بۆ ژیانم، ڕووناکی بووی بۆ چاوانم
لەگەڵ کۆچی ناوادەی تۆ، ژیان خۆشی لێ تۆرانم
ئەشکی چاوم وەک ڕووبارە، ئەمشەو گەلێ بیرت ئەکەم
وێنەیەکی تۆم لەلایە، ڕۆژی سەد جار سەیرت ئەکەم

# وێنە

هەندێک وێنەت، سیحریان تیایە کاردەکەنە سەر گۆشت و خوێن
هەنـــدێک یـــاد و بیرەوەریـــت، دەتـــبەنەوە بـــۆ هەزار شـــوێن
هەنـــدێ وێـــنەت، کـــۆژانێکن چـــاو پـــڕ دەکەن لە فرمێـــسک
هەنـدێک وێـنەت، هێنـدە پڕ ئـازارن، بـرین دەخەنە سـەر ئێسک
هەنـدێک وێـنەت، هێنـد نایـابن، تـا سـەیریانکەیت هەر نـاوازەن
هەندێک وێنەت، هەرچەند کۆن بن، لای من هەر نایاب و تازەن

# خەیاڵ

تۆ وەک نمەی بارانی خوڕ، نم نم دێیتە ئەڤینمەوە
وەک هەتاوی سپێدەی زوو دەچیتە ناو بینینمەوە.
تۆ ڕەهێڵەی ئەڤینێکی، قەت دووبارە نابیتەوە
بارانێکی وەرزی گەرمی، قەت لەبیرم ناچیتەوە
دڵم نایە یەکەم نیگای خۆشەویستیت بیرخەمەوە
دڵم نایە خۆشەویستی، بە نامەیەک بنوسمەوە
دڵم نایە لە بەردەمی وێنەکانتا، پێکی خەمێ بخۆمەوە
دڵم نایە بۆ پیاسەیەک، بۆ شەقامی ژانێکی تر بڕۆمەوە
ئێستاش کە باران ئەبارێ، دڵم خراپ دائەخورپێ
چاوەکانم دەبنە ڕووبار، کە وێنەیەک دائەچرکێ
خۆزگە ئازیز ساتی باران وێنەیەکی ترمان ئەگرت
بەدەم بزەی ڕۆژگارەوە، هەتا مردن هەڵمان ئەگرت
مەگەر تەنها وێنە و باران خۆشەویستی تۆخکاتەوە
مەگەر تەنها خەیاڵەکان یەکتریمان بیرخاتەوە.

١٩٩٩

# پیری

هێندە سەیری چاوم مەکە، هەموو عومرم هەڵوەریوە
ژیان لای من دۆزەخێکە، هیچ کات خۆشیم تیا نەدیوە.
چۆن ئەتوانی بەبێ تکا، بڕژێیتە ناو ژیانمەوە
بە پێوانەی هەناسەی خۆم خەم ڕۆچۆتە گیانمەوە.
من بەهارم وشک بووە، چۆن بچمە ناو ئەوینمەوە
بۆ هەرلایەک هەنگاو بنێم، وەرزی خەزان ئەبینمەوە.
عەشق لای من بوونی نییە، ئیتر بۆ پێم ئەناسێنی
تۆ ئەتەوێ وەک ڕابردوو، هەموو عومرم لێبستێنی
دڵخۆش مەبە بە ڕووخسارم کە جارجارێ پێئەکەنم
ڕۆژگار لای من هەر تاریکە، هەڵوەریوە گشت تەمەنم.
چی لە بەختی ڕەشم بکەم کە هەوری خەم دایپۆشیوە
ڕەنگی گەنجی کاڵبۆتەوە، پیریی تەمەنمی بەخشیوە.

# زێگار

لە پەنجەرەی ژیانەوە بۆ یەکتری نەمانڕوانی
تا لە عەشقا تواینەوە، خۆمان تێرکەین لە گۆرانی
لە بەهارا سەوز نەبووین، پاییز عومری بەخشینەوە
ڕێگای ژیانمان لێ بزربوو، بەرەو مردن ڕۆیشتینەوە
بارانێک بووین لە ئاسمانا، بۆ کێڵگەیەک بەربووینەوە
پاییز هات و وشکی کردین، بۆ خەزانی بردینەوە.
وێنەیەکی ناو ڕووبار بووین، گشت شەپۆلێ دەیجوڵاندین
بەدیار نیگای یەکترییەوە، گشت ئازارێ دەیگریاندین
عەشق هێندە ئازاریدان، دەرگای ژینی لێداخستین
پێمان خستە سەر ئەوین و نەمانزانی خۆشەویستین
ئیتر گوڵم دەبا بەس بێ، با ئاوێنەی دڵمان نەشکێ
باهێندەی تر بارانی خەم، لەسەر شووشەی دڵمان نەتکێ.

# پەناهەندە

هەنگاوی کۆچ بۆ کوێت ئەبا، ئا ئەم شارە بۆ چۆڵ ئەکەی
بە ئەم کـۆچە کتـوپڕەت، چـاوی عەشـقم پـڕ خـۆڵ ئەکەی
تـۆ هەنگـاوێ ئەتبـات بـۆ دوور، مـن هەنگـاوێ ئەموەسـتێنێ
تـۆ بە بـاڵێ ئەڕۆی بـۆ دوور، مـن بـێ تـۆیی ئەمـسوتێنێ
ئەوێ هـیچ کـات شـوێنێک نیـیە، جێگـای عەشـقی تیـابێتەوە
ئەوێ شـوێنی ئەویـن نیـیە، مـن دڵنیـام هەر دێیـتەوە
کەشـتی کۆچـت بـسووڕێنە بـۆ نیـشتمان بەڕێـکەوە
ڕوونـاکی بـۆ ژوورم بێـنە، ڕۆشـنی کە ئـا ئەم شـەوە
هـۆ گـوڵی مـن، ئـازیزی دڵ، وەرە ڕێـژنەی بەر دڵـداریم
وەرە سـاتێ وەکـو جـاران، بـۆ ژێـر کەپـری ئەوینـداریم

٢٠٠٧/٩/٢٢

# لانە

هیچ خۆشییەک دادم نادا تۆ لە لانەی دڵما ڕۆیشتووی
تازە گریان کەڵکی نییە، فرمێسک و داخم بۆ ڕشتووی
من کە دووریيت ئەمسوتێنێ، چۆن دانیشم نیگای خۆرکەم
کە ماسی بم لە ڕووبارا، چۆن بتوانم سەیری تۆڕکەم.
تازە داری بەختەوەریی، لە حەوشەی ماڵ نارواێتەوە
بەفری خەمی ترۆپکی من، بە هەتاویش ناتوێتەوە.
تازە مەلی خۆشبەختی من، هیچ ئاوازێ ناڵێتەوە
کزەبای خەم هەموو ڕۆژێ، پشکۆی عومرم ئەشنێتەوە.
ئەوەی هەبوو ئەڤینێک بوو، ئایندەمی پڕکرد لە خەم
هەوری ڕەشی چاوەڕوانی، ئاسمانیشی پڕکرد لە تەم
دەسا چی بکەم کە تەمەنم، بەدەستی تۆ هەڵوەریوە.
هێندە لە خۆم بێتاقەتم، ئەڵێی قەت خۆشیم نەدیوە.
بەدیار دووریت دائەنیشم، باش ئەزانم کە پێت ناگەم
عەشقت بۆ خۆی چیرۆکێکە، هەرچەند ئەکەم لێی تێناگەم

# ئەستێرە

ژیـان وابـێ بـۆ مـن و تـۆ، گـوڵم هەرگیـز بە یەک نـاگەین.
عەشـق هێنـدە کارەسـات بێ، گـوڵم هەرگیـز لێـی تێنـاگەین.
وێنەیەکــی چەنــدە جــوان بــووین بە دیــواری ئەڤیــنەوە.
چ زریـــانێ وشـــکی کـــردین بەدەم نیگـــای ئەویـــنەوە.
چ بـارانێکی نەرم و جوان بووین، بۆ پێدەشـتی ئەم بەهـارە.
چ هەتــاوێ وشــکی کــردین، لە ئــامێزی ئەم ڕۆژگــارە.
هێنـدە سـەیری ئاسـمانمان کـرد، بەبـێ ئەسـتێرە مـاینەوە.
بەرەو ڕووی یەک هەنگاومـان نـا، بـۆ تەنیـایی گەڕایـنەوە.
هەرچیمـان کـرد، بێهـودە بـوو، بە ئـامێزی یەکنەگەیـشتین
پێکی بەختـی یەکمـان نۆشـی، هەر دابـڕان حەزی کوشـتین.

# ڕوخسار

هەرگیز وێنە و ڕوخساری تۆ لەبەر چاوی من ون نابێ.
خۆشەویستیت وای لێکردووم، هەتا مردن دڵم لات بێ
کەسێ نییە جگە لە تۆ، هێندە یادی بکەمەوە
دوورییت نیوەی تەمەنمی برد، ڕابردوت چۆن بسڕمەوە.
تۆ خۆرێکی پڕشنگداربووی، لە ئاسمانی من ئاوابووی
زەمەن وایکرد بەجێمبێڵی، یان تۆ بۆ خۆت بێوەفابووی
من گیرۆدەی عەشقی تۆ بووم، هیچ خەوێکم نەهاتەدی
هەموو ساتێکم بەبێ تۆ، زیندانێکە بۆ ئەبەدی.
هەزار خۆزگەم بە ڕابردوو، چەند دڵخۆشبووم ئەو زەمەنە
هەرگیز گریانم نەدیبوو، خولیای من بوو زەردەخەنە...

# پەشیمانی

لــێم ببــورە ئەی دایە گیــان، مــن لە ســەفەر پەشــیمانم
ســەختی ڕۆژگــار وای لێکــردم، بەجێیبــێڵم نیــشتمانم
دووری سۆمات شێتی کردووم، هەموو شتێکم بیرچۆتەوە
شــەو و ڕۆژم لــێ تێکچــووە، خۆشەویــستیم کەمبــۆتەوە
دنیــا لەلام وەک دۆزەخە، چەنــد بێــزارم لە ژینــی خــۆم
ئێــستاش دایە وەک منــاڵیم، چــاوەڕوانی باوەشــی تــۆم
کەی ژیــانە دووری لە تــۆ، هەمــوو شــتێک لام بــێ مانــایە
ســەردەمێکە دوورم لە تــۆ، لــێم ببــوورە توخــوا دایە
لەیــاد نــاچی وەک نیــشتمان، دایــمە ســیمات لەبەر چــاوە
بــاخی دڵــم وشــکە بــێ تــۆ، چــاوەڕوانی قــومێ ئــاوە
خــۆزگە ئێــستا بــاڵم ئەبــوو، بەرەو ئاســمانی تــۆ ئەفــڕیم
مـن شـادیم بۆ تۆ ئەهێنا، تۆش فرمێسکی چاوت ئەسڕیم
چــاوەڕوانی ڕۆژگــارێکم، کە ئەو خەونەی مــن بێــتە دی
لەنــاو دڵتــا تێــر ئەخەوتــم، جێگیــر ئەبــووم بــۆ ئەبەدی
چــاوەڕوان بە کە هــاتمەوە دەچــمە نــاو لانــکەکەی جــاران
چەند بۆ لایلایەت تامەزرۆم، وەکو کێڵگەی زەرد بۆ باران

# سەفەر

جـێم مەهــێڵە بــابەی ئــازیز، ســـەفەر مەکە ئێــستا زووە
چـاوم ڕێـژنەی ئەشـکی خـوێنە، ڕێـگەی مـاڵم لـێ ونبـووە
بـابە، بـابە، بـابەی ئـازیز، چـاو دەگێـڕم بـۆ ڕووگەی شـار
نە ڕوخـــساری تـــۆ دەبیـــنم، نە دیـــداری دواهەمینجـــار
تـۆ لە دڵمـا هەردەم زینـدووی، چەنـد ئەسـتەمە ماڵئـاوایی
تــۆ لە خەونـــی گەورەی منـــا، چیرۆکێکـــی بـــێ کۆتـــایی
ئەوا لێـــرە بەدیـــار خەمـــی گەڕانەوەی تـــۆ دانیـــشتووم
هەمـوو شـەوێ هـاوار ئەکەم، بـابە لەکوێی بۆ جێتهێشتووم
کێ بێ، وەک تۆ ببـێ بە ئـاو، بۆ تینوویێتی ڕێگەی دوورم
کـێ بـێ، وەک تـۆ ببـێ بە مـۆم لە تـاریکی و تـاقی ژوورم
چـۆن بـڕوانم لە دوا وێـنەت کە فرمێـسک چـاوی گرتـووم
ئەی بابە گیان لەدوای کۆچت خەمێکی قوڵ یەخەی گرتووم

# هاوڕێ

هاوڕێ، چەنێ بیرت ئەکەم، چەنێ خۆشم ئەوێی هاوڕێ
چەند تامەزرۆی دیداری تۆم، هەر چاوەڕێم و چاوەڕێ.
هاوڕێ، ئەمشەو لە ژوورەکەم، لە وێنەکەی تۆ ئەڕوانم
هەر بە یادی سالآنی زوو، بۆ دیدارێک چاوەڕوانم.
زۆر ئەترسم هەر لێم دوور بی و نەیەیتە ناو بینینمەوە
هاوڕێ، تەمەن هێندە کورتە، زۆر ئەترسم نەتبینمەوە.
تۆ کە ڕۆیشتی زۆر خۆزگەمان، لە ئینجانەی حەز بەربۆوە
زۆر یادگاریی منالیمان، لە دوای کۆچت لەبیرچۆوە.
چاوەکانم بۆ دووریی تۆ، ئاسمانێ ئەشکی ڕشتووە
سەیری لەپی دەستت بکە، دلم تیایا جێهێشتووە.
دەوەرەوە ئەو باخچەیەی منالیمان تیا هەلوەراند
دەوەرەوە ئا ئەو شارەی شووشەی حەزی ئێمەی شکاند.
کوچە و کۆلان هەر بێدەنگن، هاوڕێ بێ تۆ گەلێ چۆلن
ئێستا یاد و یادگارییەکان بۆ من و تۆ چنگێ خۆلن.

# سلێمانی

هەرکات سلێمانیم بەو چەشنە دیوە
سەدان زایەڵەی شۆڕشی چڕیوە
داستان و مێژووی بەدەست چنیوە
دونیایەک حەسرەت دەوری تەنیوە
دڵم هەزار جار بۆی ڕاچەنیوە.
هەرکات تانجەرۆ و دوکانم دیوە.
روحم وەک بەهار سەوزی پۆشیوە
خۆشی بە باڵام خۆی هەڵزنیوە
هەردەم ئەم شارەم بە خۆم زانیوە.
لە شیرینی خەودا تێر لێم ڕوانیوە.
بەو بەفرەی لە شاخ دڵی تەزیوە
پەنجەی خۆشبەختیم پیا هەڵواسیوە
ڕوحم بۆی بووە، بە کانی و کارێز
کەند و زەنوێر و شاخم بڕیوە
دڵم هاوچەشنی مەل بۆی فڕیوە.
بۆ خۆشبەختی شار، بۆ ئاسودەیی

هەزاران تکا و نزام چڕیوە.
من بۆ گژەبا و ڕەشەبای شارم
گیانم وەک مۆمی بەربا لەرزیوە.
شکۆفە و خونچەم بۆ ئەو وەریوە.
شنە و سروەی شار، لەگەڵ تەمەنا
زۆریێ لە خۆزگەی منیان دزیوە.
زۆرجاریش تەنها نیگای وێنەیەک
سەدان خۆشبەختی منیان کڕیوە
دەستم بە گەرمی خۆشی چزیوە.
بەڵام سەد ئاخ و هەزاران دریغ.
ئەم شارە ئێستا ڕوحی وەریوە
کەچی ناو ڕوحی هەر مشتێ زیوە
خەمی تەمەنێ لەڕووی خەملیوە.
بەدەم فریشتەی خوا پێکەنیوە.
زۆرجار لە تەنیشت ڕەشەبای شارم
وەکو خونچەیەک گیانم بەخشیوە.
داخی گرانم بۆ سەری شارم
وەک پیرەمەگرون سپی پۆشیوە

# تاراوگە

چەند ساردە ئەم غوربەتە،
چەند دژوارە بەسەرهاتی.
باڵشکاو و هەناسە سارد،
ئای لە خەمی دوور وڵاتی.
منێک زادەی سروشتێکم،
دڵم لای یەکەمین ماڵە.
کۆشی دایکم نیشتمانمە
ئای چەند یادێکی تاڵە.
من ڕانایەم، بەم سرووشتە،
هەموو کات کەش تەماوییە.
ئاسمانیشی هەورێکی ڕەش
تابلۆیەکی خەماوییە.
چەنێ نامۆم، بە ئاسمانی
بە شەقام و ڕێگاوبانی.
ڕۆژگارەکان چەند تاریکن
کوژاوەن گشت چراکانی.

من بە خەیاڵ هەموو کاتێ
بۆ زێد و خاک دەڕۆمەوە.
هەموو دنیای ئەم غوربەتە،
بە نیشتمان ناگۆڕمەوە.

# خاک و خۆڵ

که من لێره چاوەڕوانی
چنگێک خۆڵی نیشتمان بم
چۆن ئەتوانم بۆ ئەڤینت
له کرۆکی جوانیتابم
چۆن ئەتوانم خۆشەویستیت
له ئامێزی خۆم هەڵگرم
چۆن ئەتوانم وەک ڕابردوو
له بەردەمی عەشقا بمرم
نا، نا، ئازیز خەمی دووریی نیشتمانم
له خەمی تۆ گەورەتره
خاک و خۆڵی نیشتمانم
له چاوی تۆ لا جوانتره.

# کیـان

ئێمە وابووین
لەوەتای هەین
ناتەبا بووین.
ئێمە هەر واین
لەوەتای هەین
نازانین کواین.
ئێمە وابووین
چنگێ خەم و گێژی "با"بووین
لە ژیاندا بێهیوا بووین
تەنیا و تەنیا دۆستی خوا بووین.
ئێمە هەر واین
لە قوڵایی شیرینی خەواین
بێ سێبەر و سایە و نەواین
لە تاریکی و ماڵی شەواین.
زۆرمان دیوە چزووی بەسۆ
دەستمان چۆتە سەر زۆر پشکۆ
ئێمە هەر واین نازانین بۆ
نە تۆ منی و نە منیش تۆ.

# جاران

هەموو ڕۆژێ
لەدوور دیدەی ئازیزانا
لەگەڵ زەردەی خۆرنشینی ئێوارانا
دڵم لەلای داروپەردووی نیشتمانا.
هەموو کاتێ
لەگەڵ کازیوەی بەیانا
دڵم گەڵای ڕەنگپەڕیوی پاییزانە
چاوم تینووی بینینەوەی ئازیزانە.
هەموو ڕۆژێ
نیگام تامەزرۆی ژووانە
دڵم سوتوی خۆڵەمێشی ئاگردانە
لاشەم لێرە و خەیاڵم لای نیشتمانە
بۆیە کاتێ دوورم لە خاک
دڵم نوقمی سەدان ژانە.
نیشتمانم خۆتۆ چنگێ خۆڵ و خاکی
خۆتۆ قومێ ئاوی پاکی

خۆتۆ چەند دار و شاخێکی
تۆ چەند باخچە و باخێکی
کەچی نیشتمانی ئازیز
تۆ هەر زام و چەند ئاخێکی.
خۆ من زۆرجار لەخۆمەوە
بۆ ڕابردوو ئەڕۆمەوە
نە کانییەکم هەیە لەوێ
تا ئاوی لێ بخۆمەوە
نە ڕووبار و دەریام هەیە
تا ئەشکی چاو بشۆمەوە
کەچی زۆرجار لەخۆمەوە
بەدیار گڕی چەند مۆمەوە
بەدەم خەمی دووریی خاک و
هەناسەی پڕ لە سۆمەوە
هەر بە خەیاڵ بۆ خاکی تۆ و
جاری جاران ئەڕۆمەوە.

٢٠٠٦ / سوید- ستۆکهۆڵم.

# وانە

هەرکات مێژوو ئەخوێنمەوە
بەهەردوو دەست چاوم ئەگرم
ئەڵێم نەکا لە شەرمانا
لەبەردەمی دێڕێک بمرم.
پەڕەی مێژووی کورد هەروایە
تا سەیریکەی شەرمی تیایە
یان زێدی خۆی فرۆشتووە
یان کورد
خودی خۆی کوشتووە.

# ئەوان

هەتا ئەوان بوونیان هەبێ
لەسەر کورسی قونیان هەبێ
هەتا ئەوان کۆشک و ڤێللا و ماڵیان هەبێ
هەتا ئەوان شەوی سووری ساڵیان هەبێ.
تا هەژاران نانی وشک و تاڵیان هەبێ.
ئەبێ وابم
لەوێ نابم
هەتا ئەوان لەوێ مابن
هەتا ئەوان ئاگر و گڕی پووش و کابن.
ڕقم لە تۆ و لەخۆم ئەبێ.
ئەستوونی پشتم کۆم ئەبێ
ڕقم لە ڕووناکی مۆم ئەبێ
بەڵام کوردستانی ئازیز
با بەخەیاڵ هەر تۆم هەبێ.

# کورد

کورد هەروایە، بە ساجی خۆی
دەست و پەنجەی داخکراوە
کورد هەروایە، بە گڕی خۆی
پەڕەی مێژووی سوتێنراوە.

ئائەم کوردە بۆ نەیاری
تەختی پاشا و کەنزە و تاجە
ئائەم کوردە لەناو خۆیا
کوانوی گڕ و پشکۆی ساجە.

هەتاکو کورد ساج و دار بێ
هەتا گوارەی گوێی نەیار بێ.
ئەبێ بەفری بەر هەتاوبێ
هەڵمی تواوە و چۆڕێ ئاوبێ.

# ئاڵا

منداڵێکی کوردم بینی لەزستانا
لە شەقامێ ڕاوەستابوو لەبرسانا
پەنجەتووتەی خۆی توند ئەکرۆژت
ئاڵای کوردستانی ئەفرۆشت.
ئەیوت: چەنێ، من دڵخۆشم
ئاڵای کوردستان ئەفرۆشم.

ئێ بەس نییە، ئاڵا و خاکم هەڕاج ناکەم
ئێ بەس نییە، دەستی نەیارێ ماچ ناکەم
ئێ بەس نییە، لەمێژووما هیچ کەسێکم نەکوشتووە
ئێ بەس نییە، لەخەویشما خوێنی کەسم نەڕشتووە
ئێ بەس نییە، شەکری دەمی هەژارانم نەکرۆژتووە
ئێ بەس نییە، وەک سەردار و سەرکردەکان،
ئاڵا و خاکم نەفرۆشتووە.

# ژێ

خۆ "من" هەروام بۆ دوژمنان
وەک زریانم وەک "ڕەشەبا"م
بەڵام داخی گەورە و گران
لەناو خاکی خۆم ناتەبام
هیچ نەیارێ هەتا ئێستا نەیتوانیوە
فەرشی خاکم لەژێر لابا
دنیام کردۆتە دۆزەخ بۆی
چاوم کردووە بە ڕەشەبا
خۆزگە "یەکبوون" گوڵیەخە بێ
بە بەرۆک و سنگمانەوە
مێژوو بۆخۆی ئاوازێک بێ
بە ژێکانی دەنگمانەوە.

# کوردستان

هەموو ڕۆژێ بورجی بەختم
بۆم ئەنوسێ: ئەبیت بە دەوڵەت (کوردستان)
هەموو ڕۆژێ قاوەگرێک
سەیری لەپی دەستم دەکا بە من ئەڵێ: کورد دەچێتە تاقی
ئاسمان.
هەموو شەوێ لە خەونمدا
ئەبم بە خاک و ئەبمە دەوڵەت
بەڵام کاتێ چاو هەڵدێنم
لاشەم هەروەکو خۆیەتی، بۆتە چوار لەت
بورجی بەختم
لەپی دەستم
خەونی سەختم
هیچ ڕاستیان پێ نەوتم
بەڵام خوایە
بەمن بڵێ، ئەی بەخشندەی دروست و پاک
من تا ئەمرم هەروەک خۆمم یاخود ئەبمە خاوەنی خاک.

# کاروان

با کاروانمان بەڕێوەبێ
با نیشتمان بۆ ئێوەبێ،

با چی جوانیی وڵات هەیە، بۆ گشتیان بێ
با لاوەکان لەڕێی کۆچدا، ڕوح و دڵیان لەمشتیان بێ
با چی خەون و خۆزیا هەیە لە جانتاکەی پشتیان بێ

با چی جوانیی سروشت هەیە بۆ ئێوە بێ
لای ئێوە بێ، نیشتمان و خاک و زێدمان
با دوێنێمان، با ئەمڕۆمان، با سپێدەی پڕ ئومێدمان

بەو چەشنەبێ، بەو شێوە بێ
با خاک و زێد بۆ ئێوە بێ

با چی خەون و بریا هەیە
با چی ئاو و زەریا هەیە

با چی کانی و دەریا هەیە

باچی شار و لادێ هەیە
باچی باخ و لاڕێ هەیە
چی کۆڵان و شاڕێ هەیە

بەو چەشنە بێ، بۆ ئێوە بێ
ئەوەی ئەیڵێن بەوشێوە بێ
با کاروانمان بەڕێوە بێ

چی خۆزگەیە سەری ببڕن،
چیتان ئەوێ لێمان بکڕن
دەروازەکانمان لێبگرن

چی گوڵ هەیە بیوەرێنن،
چی خەو هەیە بیتۆرێنن
چی نەخشەیە بیسوتێنن

تەنهاو تەنها کۆڵەپشتیَ، نیشتمان و خاک و زێدە
جێهشتنی نیشتمانمان، دەرگایەکی پڕئومێدە
چی هیوایە، چی خۆزگەیە، ئەیسپێرین بە سپێدە.

# تێکشان

هێندە ڕەنگی خوێنم دیوە،
دنیا سوورە لەبەر چاوم
ڕوخساری خۆم جوان نابینم،
لەناو خۆما تێکشکاوم
گەر ئەم خاکەم هەمووی گوڵ بێ،
وێنەئاسا وەک بەهەشت بێ
بەچی ئەچێ کورد خۆی کورد بێ
لە سەنگەرا دژ بەیەک بێ
ئەگەر دوژمن، خاکم پەرت کا
لە زێدی خۆم دڵم کەرت کا
هێندەی بکوژی کورد بۆخۆی
هەرگیز ئازار ناکێشم بۆی
هەزار حەیف بۆ قەومی کورد
ڕەگی داری خۆی هەڵکەنێ
مێژووی بکات بە نوکتەیەک
دوژمن قاقا پێی پێبکەنێ.

# شەهید

خۆ ئەزانم
دوای شەهیدبوون، هیچ کەس لە ئێوە ناپرسێ
خۆ ئەزانم خوێنی ئێوە
دەڕژێتە ناو کاسەی زیوی چەند بەرپرسێ

لەلام ڕوونە
دوای شەهیدبوون، کەس گۆڕ و ناوتان نازانێ
خۆ دەشزانم
خوێنی پاک و پیرۆزیتان، دەکرێ بە پلەی چەند نەزانێ

چاک لێم ڕوونە
جوامێریتان لێئەبەن و لەجێی ئێوە
مێژووی خۆیان ئەنوسنەوە
لەبەردەمی چەند تیڤییەک پڕ بە گەرووی
زاری خۆیان مایکی حیزبی ئەلێسنەوە.

# نیشتمان

کوردستانم لەوەتای هەی
خاکت پڕە لە ژان و خەم
لەوەتای هەی کوردستانم
ئاسمانی تۆ پڕە لە تەم.

کوردستانم لەوەتای هەی
دوژمن خاکی تۆی ویستووە
لەوەتای هەی کوردستانم
هیچ کەس تۆی خۆشنەویستووە.

لەوەتای هەی تۆ لەگەڵ خەم
هاوڕێیەکی زۆر دێرینی
کوردستانم لەوەتای هەی
لەبەرچاوی دوژمنانم ناشیرینی.

لەوەتای هەی لەسەر سنگت
دوژمن یاری بە تۆ ئەکا
لەوەتای هەی دراوسێی خۆت
خاکت پڕ لە پشکۆ ئەکا.

کەچی سەیرە کوردستانم
تۆ هەروەک خۆتی، چەندین ساڵە
زۆر ئەترسم من بمرم و تۆ نەبینم،
نەبییە دەوڵەت، نەتبێ ئاڵا.

# نەفرەت لە شەڕ

کە سەردەمی ئێمە شەڕ بێ، گوڵ بە ترس بڕوێ لێرە
چی لەجوانیی ئاسمان بکەم، کە وا پڕبێ لە ئەستێرە
کە ئاسمانی من دووکەڵ بێ، بە چ باڵێک بێم و بفڕم
کە دەستەکان پڕ لە چەک بن، لای کێ چەپکەگوڵێ بکڕم

کە باخەوان گوڵ سەربڕێ، باخچە نەهێڵێ لە شارم
پەرژین بکات بۆ ئازادیم، دڕک بڕوێ بۆ گوڵزارم
کە نەتوانم هەناسە بەم، پڕ بە گەروو و سینەی پاکم
کە شەڕ دنیای من بتەنێ، تاریکی کات جوانیی خاکم

گەر شەڕ ببارێ وەک باران، ترس بێتە ئەندێشەوە
ڕێی ئازادیم هەمووی مین بێ، هەنگاو چۆن بەرمە پێشەوە
کە شار هەمووی ناڵەو دەنگ بێ، لە کوێ ژووانێک ببەستین
کە باخچەمان بێ گوڵ بژی، لای کێ بڵێین کە سەربەستین.

هەتا ماوین ڕەنگی خوێنین لە پۆشاکمان نابێتەوە

ژینگەی سەوزی ئازادیمان لە چاوی خاک ناڕوێتەوە

دەبا هەموو بە ئاوازێک نەفرەت بکەین لە شەڕ و شۆڕ

چاوەکانمان کراوەبێ بۆ ڕوانینی ڕووناکی خۆر.

# زێد

باکم نییە،

با ئاڵای (کورد) لە جیهاندا هەڵنەواسرێ

با لە نەخشەی گۆی زەویدا،

ناوی (کوردستان) نەنوسرێ

من لە دڵما، من لە چاوما،

ناوی (کورد)م، باش نوسیوە

لەوەتای هەم ئاڵای (کوردو کوردستان)م،

لەناو دڵما هەڵواسیوە.

# سبەی

دوژمن هەر چیم بەسەر بێنێ

ورەم هەیە بە سپێدە

خاکم تەفروتونا بکا

دوارۆژ لای من پڕ ئومێدە

دوژمن چرام خامۆش بکا

ژینم تاڵ و ناخۆش بکا

خاک و زێدم داگیر بکا

دەست لە گەردنم گیر بکا

گشت مێژووشم ڕەش ڕەش بکا

نیشتمانم بەشبەش بکا

ئاساییە من هەر نامرم

بە فیشەکی هیچ نەیارێ

بەڵام کوردێک کورد بکوژێ

بەزەویدا دەچمە خوارێ.

# دوارۆژ

شیرینەکەم
ئەگەر ڕۆژێ بینیت لێرە
حەوشەیماڵمان
هەمووی ببوو بە ئەستێرە.
بڕوابکە...

ئەگەر شەوێ لەسەر جێی خۆت
لەپڕ ببووی بە فریشە
ئەگەر ڕۆژێ لەخۆتەوە بووی بە مێژوو
بووی بە چیرۆک و سەرگوزشتە
بڕوا بکە...

یاخود ئەگەر وتیان لێرە، مرۆڤ
شاخ و باڵی هەیە.
یاخود ئەگەر وتیان، قەرەج
لێرە کۆشک و ڤێللا و ماڵی هەیە...

بڕوا بکە.

بەڵام بەمە بڕوا نەکەی
ئەی بەندەی خوا، مەخلوقی پاک
ئەگەر وتیان کوردستانمان
لەسەر دەستی پیاویی ناپاک
دەبێتە خاک.

# ڕۆژێ

لەبیرت بێ من دەمێکە لە سروشتی خاک بێبەریم
هاکا ڕۆژێک لە غەریبی بۆ ئەوینی خاک هەڵوەریم

# ئازیزەکەم

ئازیزەکەم من نامەویٚ پیرۆزبایی ساڵی نویٚکەم
من نامەویٚ بۆ سەری ساڵ، دڵی دایکان پڕ لەسویٚکەم
من نامەویٚ لەبەر چاوی پیٚشمەرگەیەک، ڕازی دڵم تاوتویٚکەم
من نامەویٚ چی برینی نیشتمانە، بە نامەیەک پڕ لەخویٚکەم
تۆ ببوورە ئازیزەکەم.
بۆ هەرشتیٚ کە ئەینوسی، من ناتوانم چاوەڕیٚکەم
بەدیار خەمی خاک و زیٚدم، تاکو مردن ئەبیٚ ڕیٚکەم
من نە نامەت ئەخویٚنمەوە، نە ئەتوانم مۆمیٚ پیٚکەم
نە ئەتوانم بڵیٚم پیرۆز، پیٚکی خۆشییت لەگەڵ تیٚکەم
پیٚشمەرگەیەک زامی هەبیٚ، من نازانم ڕوو لە کویٚکەم.

# پێشمەرگە

تۆ دەستێکت ورە و هێزە، دەستەکەی تر خاک و زێدە
تۆ چاوێکت سپێدەیە، بینینێکی پڕ ئومێدە
تۆ هەنگاوت ڕۆشناییە، ناوت دوند و چیا و شاخە
تۆ شەکاوەی چەشنی ئالا، هەناسەشت فێنکی باخە
ئەی پێشمەرگە گەر تۆ نەبی، نیشتمانمان چنگێ خۆڵە
تۆ ڕەشەبای بۆ دوژمنان، داستانێکی پڕ لە تۆڵە
تۆ دلۆپێک ئاوی ڕوونی بۆ ناو گەرووی وشکی ئێمە
تۆ ئاسمانی پڕ ئەستێرەی بۆ ڕووناکی ئەم هەرێمە
ئەی پێشمەرگە، من قوربانی دەست و بازوو و مەچەکت بم
ئەی پێشمەرگە من قوربانی شان و توانای پڕچەکەت بم.

# نەورۆز

بڵێسەی ئاگری چەند جوانە نەورۆز
ئەم جەژنە لە کورد، پیرۆزبێ پیرۆز
تا ئاگر هەبێت، نەورۆز هی منە
ئەم رۆژە، چقڵی چاوی دوژمنە
تا نەورۆز هەبێ، نێرگزێ بڕوێ
نەورۆز بۆ کوردان ڕۆژێکە هەر نوێ
نەورۆز خۆرێکە، پڕهیوا و ئومێد
ئایندەی گەشی کوردستان و زێد
چرۆی نێرگزی بەهاری نوێیە
هەزاران خۆزگە و ئاواتی پێیە
نەورۆز، مێژووە، نەورۆز داستانە
نەورۆز ڕۆشنایی گشت کوردستانە
گڕی ئاگری نەورۆزی بەهار
ئازادیی هێنا بۆ لادێ و بۆ شار
لەسەر گشت شاخ و تەپۆڵکە و دوندێ
لەسەر بانیژەی هەر شار و گوندێ

لەبەردەم دەرگای هەر ماڵە کوردێ
لەسەر قەندیل و چیای نەکەرۆز
لەسەر هەڵگورد و کۆڕەک و سەرکۆز
ڕۆشنی بکەن ئاگری نەورۆز
مەشخەڵی ئاگر هەردەم داگیرسێ
دوژمن لە گڕی نەورۆز دەترسێ
نەورۆز جەژنێکی کوردستانییە
مێژوو وا ئەڵێ، گومانی نییە
لام گرنگ نییە ،کورد نەبێ (کاوە)
نەورۆز لە مێژووی کورددا نوسراوە
کورد بۆ خۆی خاوەن سەدان کاوەیە
ئاڵای لە ئاسمان هەر شەکاوەیە
کورد ملکەچ ناکات، بۆ دوژمنانی
خاک و نیشتمان بووە بە نانی.

# هەڵەبجە

گەر پێم بکرێت هەتاکو هەم،
سێو لەباخەکەم نارِوێنم،
هەرچی وشەی سێویش هەیە،
لە قاموسدا دەریدێنم!

# یاداشت

هۆ خەڵکینە، وەسێت ئەکەم
کاتێ شەهیدبووم، لە ئێرە
ڕێگەمەدەن، بەرپرسەکان
شانیان پڕکەن لە ئەستێرە
ڕێگەمەدەن، لەسەر خوێنمان
شمشێر و داڵ خەڵاتیان بێ
ڕێگەمەدەن تا هەتایە
ڕۆما و پاریس وڵاتیان بێ.

# ئیجە

ئێوە خنکان لەناو ئاودا، لەبەر کەمیٚ ئازادی و نان
ئێمەش لێرە، ئەوا مردین، بۆ چۆڕیٚ ئاوی نیشتمان
ئێوە لەویٚ ئاو کوشتنی، بوون بە خۆراکی ماسییەکان
ئێمەش لێرە، بووین بە ماسی بۆ نێو گەرووی سیاسییەکان

# ئەڤینی خاک

نیشتمانمان جێناهێڵین
سەفەر پڕە لە کارەسات.
لێرە ئەژین، لێرە ئەمرین،
دوور لە مەرگی هات و نەهات
لە نیشتمان ئارام ئەگرین،
بیر لە سەفەر ناکەینەوە.
قەت ناتوانین لە غوربەتا
خۆشەویستی کۆکەینەوە.
لێرە نەبێ ئارام نابین،
ئەڤینێکی نیشتمانین.
بۆ هەرلایەک هەنگاو بنێین
ئاکام بەدڵ پەشیمانین.
ئێمە پۆلێ مەلی جوانین
هێلانەمان نیشتمانە.
بفڕین بۆ هەر ئاسمانێکیش
هەر دێینەوە ئەم ئاسمانە.

جانتای سەفەر فڕێئەدەین
لە نیشتمان گیان ئەسپێرین.
لەم باخەدا گوڵ ئاو ئەدەین،
بۆن بۆ خاک و زێد ئەنێرین.
با چوار وەرزەی، عومری ئێمە،
نەبێ بە عومرێکی وەریو.
بمرین لەناو نیشتمانا،
خاکمان بکەین بە زێڕ و زیو.

یەکەم کەس بووم لەم شارەیا
بەچاوی خۆت وێنەت کێشام
چەند شیرین بوو، ئەوکاتانەی
بەدوای خۆتا ڕاتئەکێشام
بەڵام ئێستا وێنەکانم لە چاوی
تۆدا سوتاوە.
لەجیاتی من، وێنەی یەکێکی تری
تیاکێشراوە.

ئێستاش دکتۆرێ نەیزانی
کە ئازاری دڵم چییە!
دوا پشکنین کە بۆم کرا
وتیان "دڵت" لای خۆت نییە!

تەنها شتێ
لەناو دەستم بەجێما.
پێنج پەنجەی دەستی ڕاستت بوو
کە وتت خواحافیز.

دەمەوێ هەموو ئێواران
بڕۆمەوە ماڵی خۆم
کەچی هەر دەچمەوە ماڵی تۆ!

هەردوو دەستم لای خۆمن.
کەچی سەیرە.
بۆ دەستم لەتۆ نابێتەوە.

لە هەموو شتێکا
ڕاستم خۆشئەوێ.
بەڵام
لە ئەوینتا لای چەپ.

عەشق
بەم چەشنەیە ئازیزم
"من"
لێرەوە

پەنجەیەکم دێشێ.

"تۆ"

لەوپەڕی دنیاوە

دڵت بۆم دێشێ.

هەموو

خۆشییەکانی دونیام

لەناوێکا کۆکردەوە.

بەڵام کەسێکیتر

بانگم نەکرد.

من

کێشەم لەگەڵ ڕێزماندا نییە.

چەند پیتی ڕاست و دروستن!

بەڵام لام سەیرە.

کە بۆچی بەتەنها پیتی (ژ) سەرترۆپکی جوانییەکانیانە.

ئەوکاتانەی
لە پێشەوەی جەنگە قورسەکاندا
بەرگریم ئەکرد
هەرگیز لە کوشتنی "خۆم" نەدەترسام.
بەڵام لەوە دەترسام
فیشەکێک بەر دڵم کەوێت
"تۆ"ش لەگەڵ خۆما بمریت!

هەموو ڕۆژێ
پرسەی مردووەکان
زۆر بەوردیی ئەخوێنمەوە
ئەڵێم نەکا
منیش مردبێتم.

بیرمان هەر لای بەهەشتە،
کەچی دۆستەکانمان
هەموویان لە جەهەننەمدان.

کلیلی

هەموو پێکەنین و زەردەخەنەکانم.
هەموو خەون و ئارەزووەکانم.
هەموو خۆشی و خۆشبەختییەکانم.
دوو "کلیل" بوون.
یەکێکیان
لە جانتا ڕەشەکەی دایکما بوو.
ئەویتریشیان لە گیرفانی پانتۆڵەکەی باوکمدا بوو...

تۆ

سی ڕۆژ لە ساڵێکا
ڕۆژوو دەشکێنی.
تەمەنێکیش دڵی من!

تەمەنێکە
تۆ ناوی خۆتت هەیە
منیش بە ناوێکی ترەوە
بانگت ئەکەم

من
شتێکی ئەوتۆم نییە، بۆ وتن
ڕاستتر بڵێم.
من زۆربڵێ نیم.
بەڵام هەرکاتێ ویستوومە شتێکت
پێ بڵێم:
هەر ئەم ڕستەیە بووە.
من زۆرم خۆشئەوێیت.

من
وازم لە خەمخواردنی ئەو هێنابوو.
بەڵام
خەمی ئەو منی خوارد.

تا ئەبەد خوات لەگەڵ

منیش

تا ئەبەد تۆم لەگەڵ!

من کاتێ مردم

کە بینیم

خوشکەکەم

خەفەتی لە چرچ و لۆچی

جلەکانی ئەخوارد، کە چۆن بچێ بۆ زانکۆ.

دایکیشم

خەفەتی لە چرچی و لۆچی

دەست و ڕووخساری ئەخوارد

کە نەیتوانی ئوتویەک بۆ جلەکانی ئەو بکا...

دڵتەنگی من لە دڵتەنگی
دایە حەوا
و
بابە ئادەم ئەچێ!
دوای ئەم هەموو ساڵە
لەنێوان تەنیایی و دوورییاندا
جگە لە خۆیان
هیچ کەسێکیان نەبووە، دڵنەواییان بداتەوە.

باران بێهودە دەبارێ
تا فرمێسکێکی چاوەکانی من هەبێ
کێڵگەکانی ئێرە
پێویستیان بە دڵۆپێ باران نییە.

لەسەر قۆڵی لای ڕاستی
وێنەی دڵێکی جوان
لای چەپیشی
ڕوحی کەسێک کێشابوو.

سەیرە لام

هەتا ئێستا وێنەی تۆ

نەخراوەتە سەر دراوی وڵاتەکەم.

ئیرەیی

بەو پۆستەچییە ئەبەم

کە ماڵ و ناو و ناونیشانی تۆ

بەتەواوەتی ئەزانێ!

وتی

خوا لەناوت بەرێ!

منیش پێموت:

جا کوا خوا لەناوی ئەبردم

و

ئەیخستە سەر ناوی تۆ.

درۆیە
کە ئەڵێن:
سپی نیشانەی ئاشتییە.
من بە باوکما ئەزانم
سپی نیشانەی پیرییە.

ناوی دووهەمی منیش
با تەنیایی بێ.
خۆ مرۆڤەکانی ئەم شارەش
هەموو هەر تەنیان.

تۆ
شایەنی هەموو شتێکی باشیت.
بۆ نمونە:
من.

تۆ وێنەکەت
هیچ جیاوازییەکتان نییە بۆ من.
نە جارێ
سڵاوم لێئەکەن
و
نە جارێکیش
ئاوڕ لە تەنیاییم ئەدەنەوە.

کلێنس فرۆشەکە
زوو زوو بە جامی ئوتۆمبێلەکەمی ئەکێشا
بۆئەوەی تەنها کلێنسێکی لێ بکڕم.
وتم: ببوورە
هەموو کلێنسەکانی دونیاش
فرمێسکی چاوانی من وشک ناکەنەوە.

تۆ

ئەوەت لەبیر بێ

من تا مردن بینینێکی تۆ قەرزارم!

وتی:

ئەمشەو دڵم زۆر لات بوو.

وتم:

ببوورە ئەوە ڕاست نەبوو...

تۆ هەمیشە دڵت لای خۆتە...

تۆ زۆر زۆر گەورەیت!

ئەترسم

لەم دڵە بچووکەی مندا جێگات نەبێتەوە!

ئەم ئێوارەیە
مرووروەکە غەرامەی سەرپێچی بۆ کردم.
وتی: تۆ بۆ خۆت نەبەستۆتەوە.
من وتم دوای ڕۆیشتنی ئەو ژیانی
خۆم بۆ هیچ شتێ نابەستمەوە.

لەکاتی ڕۆیشتنندا
دوو شتمان بەشکرد!
"ئەوم" لای خۆم دانا
و
"خۆشم" لای ئەو...

وتی:
تەواو
برۆ لێمگەڕێ!
منیش ڕۆیشتم و
ئیتر لێیگەڕام.

ڕۆژنامەکە نوسرابوو.
عاشقەکان
درەنگ خەو ئەیانباتەوە.
بەڵام
خودا زوو ئەیانباتەوە.

ئەگەر چاوەکانم
دوو ڕووبار بوونایە.
لە ئەفریقای باکوور...
بێگومان بووم لەوەی
کە هیچ مرۆڤێ لەوێ...
لەتینوێتیدا گەرووی وشک نەدەبوو.

به گوڵفرۆشەکەم
وت:
بڕۆ چەک بفرۆشە.
دەستەکانی ئێرە
ئولفەتی چەکن نەک گوڵ.

وتی:
ئەو دەستە بخەرە ژێر سەرتەوە
جارێکیتر بتبینمەوە.
منیش
دەستم خستە ژێر چەناگەم و
تا ڕۆژێ بیبینمەوە.

داوای ناونیشانی لێکردم
دەستم خستە سەر دڵی و
وتم ئێرە...
جگە لە ئێرە مەگەر هیچ شوێنێکیتر هەیە.

دایکم هەر دەڵێ:
کوڕم ئیتر کەمێ بەخۆتا بچۆرەوە.
هەرچەند ئەکەم
ڕێگایەک نادۆزمەوە بچمەوە بۆ لای خۆم.

ئێستاش
نازانم کامتانم خۆشدەوێ!
تۆ یان نیشتیمان!
ناوێرم بڵێم تۆ
دەترسم وەک
نیشتمانم موڵکی کەسێکیتر بیت!

هەموو شەڕەکان
ڕق زیاتر دەخەنە دڵەکانەوە.
شەڕی من و تۆش خۆشەویستی.

تەنها لە شتێکدا لە سیاسییەکان ئەچم.
ئەوان دەستبەرداری کورسییەکانیان نابن
بۆ ئەبەد.
منیش
عەشقی تۆ!

ئاخ لەدەستی تۆ
چ دەستێکی پڕ ئەڤین بوو.

سێسەدو شەستوپێنج ڕۆژ
ناکاتە ساڵێ!
یەک ڕۆژ دووریی لە تۆش ساڵێکە...

خودایە
خۆرێک کەمە بۆ ئەم هەموو تاریکییەی ناو دڵی من!

لێگەڕێ
با خەڵکی خۆپیشاندان بکا
من و تۆش
خۆنیشاندان!

تۆ
زۆر لە نیشتمانم دەچی
هەموویان دەیانەوێ داگیرتکەن!

بێژەری کەش و هەوا
لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا
وتی:
ئەمڕۆ بەفر زەوی "سپی" کرد.
لەبەر خۆمەوە وتم:
بەچی ئەچێ
کە بەختی من هەر "ڕەش" بێت!

نادادیی ئەوەیە

لە بێمەیلی تۆ

هەموو ڕۆژێ دڵم ئەلەرزێ

کەچی کەسێ ئاگای لێم نییە!

زەویش

جارێ دڵی دەلەرزێ

ئێوە دەیکەنە ڕۆژی خۆتان.

کردنەوەی دەرگای ماڵی تۆ

کرانەوەی هەموو دونیا بوو بەڕووی مندا.

کۆڵانێ هەیە لەم شارەیا

بەقەدەر نیشتمان خۆشم ئەوێ!

سەربازەکانی نیشتمان
لەسەر ئەوە پەلکێشی زیندانیان کردم.
جارێک لە یەکێک لە بازگەکانی پشکنین
داوای پێناسیان لێکردم.
منیش
وێنەیەکی تۆم نیشاندان!

من
تەنانەت بە شەڕە گەورەکانیشت ڕازیم
بەمەرجێ لە خاکی خۆتا بمکوژیت!

خۆزگە...
وەک وێنەکۆنەکانی ناو ئەلبوومەکەم
"من و تۆ"
هەر لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتین!

چاوەڕوانییەکانم
هەرگیز بە تەمەن بۆ ئەژمار مەکەن.
من لەنێوان چاوەڕوانی ئەو هەموو ساڵانەدا
نەژیاوم.

برینپێچەکە وتی:
ئەم دوو سێ لەزگەیەش هەڵگرە
نەوەک برینەکانت خوێنی زیاتریان لێبێ!
بەپێکەنینەوە وتم:
هەموو لەزگەی دونیا بخەنە سەر برینەکانم
تازە خوێنیان ناگیرسێتەوە.

چایچییەکە وتی:
چایەکە تاڵ بێ، یان شیرین؟
وتم هیچ کێشە نابێ، تاڵ یان شیرین!
هیچ شەکرێ
تاڵییەکانی ڕوحی من شیرین ناکەن!

هەندێ شەو هەیە.
مرۆڤ
عومرێ تیایدا چاوەڕوانە.
هەتا ڕۆژ ببینێ!

لێرە هەموو مرۆڤێکم بینی
تەنها تۆ نەبێت!
ئەم شارە پڕە لە مرۆڤ
تەنها تۆ نەبێت!
لەم زەوییە هەموو مرۆڤێ هەیە
تەنها تۆ نەبێت!
ئەم چاوە زۆر مرۆڤی بینی تۆ نەبێ.

تۆ و تەمەن
فێری ڕۆیشتنن!
تۆ لەخۆتەوە دەڕۆی!
ساڵیش لەخۆیەوە.

ئەو ڕۆی
لەبیرم چوو
سەگێکی وەکو دیاری بەمێ
تا لە دووریی من
کەمێ شەربەتی ئەمەک بنۆشێ!

مامۆستا کە ئەیوت:
(ئەم بۆشاییانە ............. بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە)
من یەکسەر خەیاڵم دەچووە سەر شتێکی دیکە.
هەتا ئێستاکانێ...
وشەیەکی گونجاوم بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەموو بۆشاییە قوڵ و قورسانەی ناو ڕوحی خۆم نەدۆزییەوە.

چاوەڕوانییەکانت
بەمردن کۆتاییان دێت!
بەدبەختی منیش
ئەوەیە
مردنیش وەک تۆ
ئاگای لە من نییە.

پاییزە هات!
دونیا لەترسا ڕەنگی زەرد بوو.
کەچی تۆ بەم هەموو ڕەنگی پاییزانەوە
هەر سەوزی!

پێش ڕۆیشتن، دواهەمین دیدار.
شتێکمان بەشکرد!
دڵشکان...
دڵ بۆ تۆ
و
شکان بۆ من!

کە ڕۆیشت!

هەموویان پێیان وت:

خوات لەگەڵ.

تەنها من پێمووت:

جا کوا خوا لەگەڵ ئەوانەیە.

کە دڵی مرۆڤەکان ئەشکێنن!

حەز ئەکەم

وەکو جاران بانگم کەیت!

بەڵام

بەناوی تەواوی خۆم نا...

بەڵکو بەو ناوەی

هەموو کات کورتت ئەکردەوە

و

بە هێواشی بانگت دەکردم.

نەک هەر ئەم ژیانە
چەندەها ژیانی تریش هەبووایە
من هەر تۆم دەکردەوە خۆشەویست.

من هەرگیز لە "تەنیا"یی
بێزار نابم.
بەڵام
بەومەرجەی تۆش
"تەنیا" بیت.

وێنە تەنیاییەکانم
هەرگیز پێ جوان نین!
بەڵام
کە تۆ دەیانبینیت
هەرگیز هەست بە تەنیایی ناکەم.

هەموو سەربازەکانی نیشتمان.
لەشەڕدا بریندار بن.
من
دڵۆپێ خوێن نابەخشم!
ترسم هەیە
خوێنی من بچێتە هەر لاشەیەکی ترەوە.
لە من زیاتر عاشقت ببێ.

ئەمەت بیر بێ
"کە هەندێجار مرۆڤ دڵی ئەشکێ"
لەو دونیاش...
بە ساغی زیندوو نابێتەوە.

سەرم
خستە سەر زۆر شانی نەرم و نۆڵ.
لێرە و لەوێ.
تاکە "شان"
کە ماندوویێتی سەری دەحەسانەوە.
شانی ڕەقی دایکم بوو!

من هەرگیز گلەییم
لە نەبوونی و هەژاریی خۆم نەکردووە.
هەتا "تۆ" هەبیت.
من نەبوو و هەژار نیم!

هەر دەمکوژی
بەو جۆرە بمکوژە.
لاشەکەم
فڕێدەرە دەریایەکی خوڕ.
با دایکم
هیچ ڕۆژی هەینییەک،
گۆڕەکەم نەبینێ!

هەمووان دەڵێن:
(بێهیوا مەبە)
بەڵام من چی بکەم.
کە هەموو هیوایەکم تۆی!

دەزانی بۆ مردووەکانم
لە زیندووەکان خۆشتر ئەویَ!
چوون بەدرێژایی ژیان خیانەتیَ ناکەن.
بەدرێژایی مردنیان درۆیەک ناکەن.

ئەڵێن
دونیا هەزار شتە...
خۆزگە تۆش یەکێک ئەبووی
لەو شتانە.

سەیرترین
شت ئەوەیە...
من ئەڵێم ئەوە منم
کەچی دواجار هەر تۆم.

من هەر بە کوردی دەنوسم
خۆشم ئەوێیت!
تۆش هەر بە زمانێکیتر دەمخوێنیتەوە.

چیرۆکی هەموو عاشقەکانی ئێرە و دنیام خوێندۆتەوە.
هی من و تۆ لە هەموویان خەماویتر بوون.

لە زاری تۆوە
جنێوەکانیش خۆشەویستین!

"دڵ"م
تاکە ئەندامێکی بێ ئێسک بوو
کە بە دەستی تۆوە شکا!

وێنەیەکمان

پێکەوە هەیە...

گەر لەبیرت بێ

لەسەر پشتی وێنەکە

نوسیوتە.

"با بمێنێ بۆ یادگاری"

وێنەکە هەروەک خۆیەتی

بەڵام ئەوەی کە گۆڕا

و

بوو بە یادگاری

خۆمان بووین.

تێبگە... تێ

دەستەکانت

بۆ خڕگرتنی تۆپەڵە بەفرێکی سپی جوانن

بیکێشی بە پەنجەرەی تەنیاییمدا.

تێبگە... تێ
دەستەکانت
بۆ هەڵگرتنی جانتای سەفەر نابن!
دەستەکانت...
بۆ نوسینی
نامەش نابن بۆ کەسێکی تر!
تێبگە... تێ
دەستەکانت
بۆ گرتنی دەستێکی گەرموگوڕ جوانن
لە زستانێکی زۆر ساردو سڕدا.
دەستەکانت
بۆ خڕگرتنی تۆپەڵە بەفرێکی سپی جوانن
بیکێشی بە پەنجەرەی تەنیاییمدا.

قورسترین
شەڕ لە مێژوودا
شەڕی من و تۆ بوو
مێژوو غەدری لێکردین.

"تەنیایی"
نیشتمانێکی گەورەیە
بە تەنیا
من
جێگام تێیدا نابێتەوە.

هەرکاتێ بینیت
باڵندەکان
برسی و تینوویان بوو...
بزانە
"شەڕ" خراپ دونیای تەنیوە.

وتم
لەبیری ئەکەم
درۆم کرد
یادی ئەکەم!

لەدوای
هەموو جەنگەکان
هەر دایکەکان نین
کە جەرگیان ئەسوتێ!
ئەوە
عاشقەکانیشن
کە دڵیان ئەبێتە مشتێ
خۆڵەمێش.

دووریی
و
چاوەڕوانییەکانی
تۆم
لا خۆشەویستترە.
وەک لەوەی
لە تەنیشت کەسێکیترەوە
ژیان بەڕێ بکەم!

تۆ

دەتوانی بمکوژی

بەڵام ناتوانیت

خۆت لەدڵما دەربهێنیت!

"خوا"

دەڵێ

درۆزن و خیانەتکارەکان

جێگایان دۆزەخە

ئەترسم

لەو دنیاش وەک ئێستا

میهرەبان بم

بە "خوا" بڵێم

لەجیاتی درۆ و خیانەتەکانی ئەو

من بسوتێنە!

هەرکاتێ کەسێکت بینی
پێویستی بە خەم بوو
پێی بڵێن:
با لە دەرگای ماڵەکەی من بدا.

نیشتمانم جێهێشت
و
ڕۆیشتم
بووم بە غەریبەیەکی ون.
کەچی
هەر نەمتوانی لەناو دڵی ئەودا بڕۆم
و
ببم بە غەریبە...

خەمی گەورەی من ئەوەیە
"تۆ"م خۆشئەوێت و لای من نیت!

باڵندەش بوومایە
لەسەر درەختی ماڵی ئێوە
هێلانەم دروست دەکرد.

ژیان وات لێدەکات خۆتت خۆشنەوێ
بۆیە هەرگیز پێت ناڵێم
لەخۆم زیاتر تۆم خۆشئەوێ!

ئەم هەموو هات و چوونەی نێوانمان
ئەم هەموو بیرەوەریی و بەسەرهاتە
ئەم هەموو ژان و خۆشەویستییە!
ئەم هەموو توڕەبوون و ئاشتبوونەوەیە...

ئەم هەموو دووریی و نزیکییە
داخی گرانم
دەستی شکاوم
وێنەیەکمان لە پارکێکی شاردا پێکەوە نەگرت
هەتا بۆ یادگاری لای خۆمانی بهێڵینەوە.
هەتا لە هەیوانی بیرەوەریی خۆماندا هەڵیواسین
تازە بە هەزاران نامە و چیرۆک و شیعریش
لەدوای ڕۆیشتن بۆ یەکتر بنوسین
کەس بڕوامان پێ ناکات!

از آن همه آمدن و رفتنهای ما،
آن همه خاگرات و سرگذشتهای ما،
آن همه رنج و دوست داشتنهای ما،
آن همه قهر و آشتیها
آن همه دوری و نزدیک بودنهای ما
ای دریغ که

در یکی از پارکهای شهر حتی یک عکس دونفره برای یادگاری
با هم نگرفتیم
تا هر کداممان آن را به دیوار خاگره هایمان
آویزانش کنیم
اکنون بعد از رفتن
اگر هزاران نامه و شعر و قصه برای همدیگر بنویسیم
باز کسی باورمان نخواهد کرد.

ئێمە دەمرین
"ئەنوا" گیان
من و تۆ، ئەو ئەوان
کەس نامێنێت...
کە دەڵێم کەس نامێنێت
واتا هیچ کەس...
بەڵام ئەوەی جێگای داخە
"ئەنواکەم"
لەدوای خۆمان
کێ یەکەم وێنەی خۆشەویستمان

لای خۆی دەهێڵێتەوە.

کێ ئەو وێنەیەمان بە ژووی میوانەکەی خۆیەوە هەڵدەواسێت

کێ وێنەکانی دوێنێ و ئەمڕۆمان دەخاتە ئەلبوومێکەوە بۆ ئەبەد

کێ سەیری مڕومۆچی و پێکەنین و جلوبەرگمان دەکات

کێ بە ڕاوەستان و چۆنییەتی سەر و سیمامان پێدەکەنێت

ئێمە دەمرین ئازیزم

ئاخۆ

لەدوای خۆمان کێ بە من دەڵێ

باپیرە، کێ بە تۆ دەڵێ داپیرە

ما خواهیم مرد

انوا جان

من و تو و آنها،

کسی نمی ماند،

که میگم کسی نمی ماند

یعنی هیچ کس...

آنچه باعث تاسفمه

انوای من،

اینه که بعد از ما

چه کسی اولین عکس عاشقیمون رو

پیش خودش نگه میداره

چه کسی عکسمون رو به دیوار اتاق پژیرایش می زنه

چه کسی عکس امروز و فردامون رو توی آلبومی تا ابد نگه میداره

چه کسی به اخم و تخم و لبخندهامون و لباسهامون نگاه می کنه

چه کسی با دیدن نحوه ایستادن و سر و سیمامون میخنده

ما خواهیم مرد عزیزم

یعنی بعد از ما

کی به من خواهد گفت پدر بزرگ

کی به تو خواهد گفت مادر بزرگ

وەرگێڕانی بۆ فارسی خاتوو ماکۆسا

دووری

وشەیەکی کورتە.

لە ڕێزمانی خەونەکانماندا

کەچی دەتوانین

هەزاران ڕستە و تابلۆ و چیرۆکی دوورودرێژی لێدروست

بکەین!

دوری

کلمه کوتاهیست

در قواعد رویاهامون

در حالی که باهاش میشه

هزاران جمله و تابلو و داستانهای دور و دراز ساخت!

خۆزگە دووری
بولبولێکی باڵنەخشین و جوان دەبوو
لەسەر تاقی پەنجەرەی ژوورەکەم دامدەنا
لەناو قەفەسێک باڵبەستم دەکرد
پێم دەوت:
ژیانی نێو قەفەس و بەندی خۆشە؟
دەبزانە
"دووری" لەم ژیانەی تۆ دەچێت!
من بەدرێژایی ژیانم بەندی نێو قەفەسێکم
پێی ئەڵێن:
"دووری"

کاش دوری
بلبلی بود زیبا با پر های رنگی
روی تاقچه اتاقم می گذاشتمش
در قفسی زندانیش می کردم و
بهش می گفتم:

زندگی در قفس و اسارت خوبه؟
میخوام بدونی که
"دوری" همانند زندگی الان توست
من در گول زندگیم اسیر قفسی هستم
که بهش میگن "دوری"

وەرگێڕانی خاتوو ماکوسا

دایکم

خۆشبەختی و میهر لە هەردوو دەستەکانیدا بوو

هەموو بەیانییەک

پێش چوونە قوتابخانە

مشتێکی کامەرانی دەخستە گیرفانەکانمەوە.

مادرم

خوشبختی و مهر در دو دستش بود

هر روز صبح

قبل از رفتن به مدرسه

مشتی از سعادت در جیبهایمان می گذاشت.

باوکم

توانای هەردوو ئەژنۆکانم بوو

هەموو سپێدانێکی زوو پێش نان کڕین

دەستێک جلی هێز بۆ لەبەردەکردین و تا ئەوسەری دنیا دەهات

لەگەڵمان...

پدرم

نیروی زانوانم بود

هر صبح قبل از خرید نان

یک دست لباس از نیرو به تنمان می کرد

و تا آن سر دنیا با ما می آمد...

نەنکم

مێژوویەکی کۆنی ناو پەڕاوەکانی ژیانم بوو

هەموو شەوانێک پێش خەوتن دەیکردم بە چیرۆک

هەموو بەیانییەک کە هەڵدەستام دەبوومە پاڵەوان

مادربزرگم

تاریخچه کهنی در لای صفحات روزگارم بود

هر شب قبل از خواب

من را در قصه هایش جا می داد،

صبح که بیدار می شدم

یک قهرمان بودم

باپیرەم
هاوڕێیەکی گیانیبەگیانی من بوو
بەسەرهاتەکانی پڕ بوون لە خەیاڵ
جووتێک باڵیان دەدامێ،
دەفڕیم بەسەر دەریا جوانەکانی دنیا

پدر بزرگم
نزدیکترین دوستم بود
ماجراهایش پر از رویا بود
یک جفت بال بهم میداد
و بر فراز همه دریاهای زیبای جهان پرواز می کردم

لەکاتی ڕۆیشتندا

دوو شتمان بەشکرد!

"ئەوم" لای خۆم دانا

و

"خۆشم" لای ئەو...

وقت رفتن

دو چیز را قسمت کردیم.

من "او" را با خود

و "خود" را با او

جا گذاشتم.

تەنیاییم دەڵێی بنێشتێکە
بە قژی کچێکی عازەبەوە
لێم نابێتەوە.

تنهایی من گویی آدامس است
چسپیده به موهای دختری بالغ
از من جدا نمی شود!...